خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

پابەند دەبین

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5981) سێشەممە 28ی تەممووز 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار



بڕووسکەی سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانی بۆ کۆچی دوایی دایکە عایشە

دایکە عایشەی بەهەشتی نموونەی خۆڕاگری و ئازایەتی بوو

دوێنێ دووشەممە ٢٧-٧-٢٠٢٠ سەرۆك مەسعود بارزانی بڕووسکەیەکی سەرەخۆشی بۆ کۆچی دوایی دایکە عایشە بڵاوکردەوە و رایگەیاند، دایکە عایشەی بەهەشتی، نموونەی خۆڕاگری و ئازایەتی بوو و بۆ هەموو تاکێکی کوردستان مایەی شانازییە.
ئەمەش دەقی بڕووسکەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی سێ شەهیدی کوردستان، خاتوو دایکە عایشەم پێ گەییشت.
دایکە عایشەی بەهەشتی، نموونەی خۆڕاگری و ئازایەتی بوو و بۆ هەموو تاکێکی کوردستان مایەی شانازییە. خۆم شانازی ئەوەم هەبووە بە خزمەتی بگەم و وانەی خۆڕاگری و کوردایەتی لێوە فێر ببم.
لەم کۆستە گەورەیەدا، پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی خانەوادە و کەسوکار و ناشنایانی دایکە عایشە دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.
لە خودای گەورە داواکارم ڕوحی پاکی دایکی شەهیدان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە گشت لایەك ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی
٢٧ی ٧ی ٢٠٢٠



دایکە عایشە دایکی شەهیدان بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد

ڕەنجبەر بەرزنجی/ سۆران

دایکە عایشە دایکی شەهیدان لە تەمەنی 94 ساڵی بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد , بە پێی ئەو زانیارییانەی دەست خەبات کەوتوون دایکە عایشە ماوەیەکە بە هۆی نەخۆشییەوە لە ژێر چاودێری پزیشکی دابووە و بەداخەوە ئەمڕۆ 27 ی تەموز لە نەخۆشخانەی ئاشتی سۆران کۆچی دوایی کردووە , شایانی گوتنە دایکە عایشە دوای شەهیدبوونی سێ لە کوڕەکانی لە شەری دژی داعش لە لایەن سەرۆك بارزانییەوە نازناوی دایکی شەهیدانی پێبەخشرا.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان میواندارێی کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی دەکات

زەروورەتی بەردەوامیی گفتوگۆی نێوان هەردوولا دووپاتکرایەوە

2



سوپای عێراق:

بە میکانیزمێکی ڕێکخراو لە ناوەندەکانی هەماهەنگیی دەست بەکارکردن دەکەین

گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی ڕایگەیاند کە بۆ کارکردن و جێبەجێکردنی ئەرکەکان بە ڕاستەوخۆ لە ناوەندەکانی هەماهەنگیی لەگەڵ پێشمەرگە، چاوەڕوانی ڕێککەوتنی کۆتایی و دۆزینەوەی میکانیزمێکی ڕێکخراو دەکەن.
(زیاتر لە ل٢ بخوێنەوە)


عێراق.. دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لە بەغدا



4

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی:

هێشتا عێراق لە قۆناغی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دایە



5



دیوە شاراوەکانی هاوسەرگیری بەهۆی سۆشیال میدیا لە بەدواداچوونێکی (خەبات) دا

7


لە هەرێمی کوردستان بازاڕی دەرمانە گیاییەکان لە پەرەسەندندایە



7

سەرۆکی هەرێمی کوردستان میواندارییکۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی دەکات

زەروورەتی بەردەوامیی گفتوگۆی نێوان هەردوولا دووپاتکرایەوە



ئێوارەی رۆژی یەکشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٦ لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، میواندارییکۆبوونەوەی هاوبەشی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بە ئامادەبوونی بەڕێز بافڵ تاڵەبانی، هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوەچوو، هەردوولا لە کەشوهەوایەکی ئیجابی و دۆستانەدا، بە ڕاشکاوی کێشە و گرفتەکان و بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییە دووقوڵییەکانیان تاوتوێ کرد.

داکۆکی کرایەوە لەسەر زەروورەتی پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتیی بەتایبەتی و سەرجەم لایەنە سیاسی و پێکهاتەکانی کوردستان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان و پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی کە زەروورەتێکی ئەم قۆناغە هەستیارەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە قورسەی لە دەرەنجامی پەتای کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و کێشەکانی دیکەدا بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتووە.

لە کۆبوونەوەکەدا دووپاتی زەروورەتی بەردەوامیی گفتوگۆی نێوان هەردوولا کرایەوە کە ئامانج لێی چارەسەرکردن و زاڵبوون بەسەر کێشەکاندا و سووککردنی ئەو بارە قورسەیە لە دەرەنجامی کێشە و قەیرانەکان کەوتووەتە ئەستۆی هاوواڵتیان، هەروەها داکۆکی لەسەر پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکانی نێوان هەردوولا و پاڵپشتیی دامەزراوەکانی هەرێم و کاری هاوبەش لە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان
سەرەخۆشی لە خانەوادەی دایکی شەهیدان دەکات

ئێوارەی دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/٧/٢٧ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز خورشید عوسمان یووسف، کوڕی خوالێخۆشبوو دایکە عایشەی دایکی شەهیدان کە ئەمڕۆ کۆچی دوایی کرد، پرسە و سەرەخۆشی لە خۆی و خانەوادە و کەسوکاری بەڕێزیان کرد.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی خۆی بۆ کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو دایکی شەهیدان، پرسەی دایکە عایشەی بە پرسەی خۆیان زانی و هیوای خواست خوای مەزن گیانی بخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی و سەبووری و دڵنەواییش بە خانەوادە و کەسوکاریان ببەخشێت.

لای خۆیەوە بەڕێز خورشید عوسمان یووسف، سوپاس و پێزانینی خۆی و خانەوادەی دایکی شەهیدانی بە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیاند بۆ هاوسۆزی و هاوخەمییان لەگەڵ خانەوادەکەیاندا.

گفتوگۆکان لەگەڵ پێشمەرگە بە ئامانجی دۆزینەوەی میکانیزمێکی ڕێکخراو بەردەوامە

سوپای عێراق: بە میکانیزمێکی ڕێکخراو لە ناوەندەکانی هەماهەنگیی دەست بەکارکردن دەکەین



گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی ڕایگەیاند کە بۆ کارکردن و جێبەجێکردنی ئەرکەکان بە ڕاستەوخۆ لە ناوەندەکانی هەماهەنگیی لەگەڵ پێشمەرگە، چاوەڕوانی ڕێککەوتنی کۆتایی و دۆزینەوەی میکانیزمێکی ڕێکخراو دەکەن.

لیوا تەحسین خەفاجی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: تا ڕێککەوتنی کۆتایی نەکرێت و میکانزمێکی ڕێکخراو نەدۆزرێتەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەرکەکان لە ناوەندەکانی هەماهەنگیی لەگەڵ پێشمەرگە لە مەخموور، دیالە، نەینەوا و کەرکووك جێبەجێ ناکرێت و کارکردنیش تیایاندا ئەنجام نادرێت.

گوتیشی: گفتوگۆکان لەگەڵ پێشمەرگە بەردەوامە، بە ئامانجی دۆزینەوەی میکانیزمێکی ڕێکخراو لە چوار لق و دوو ناوەندی سەرەکی هەمانگیی لە بەغدا و هەولێر.

پێشتر گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا یەحیا ڕەسول ڕایگەیاندبوو کە سەبارەت بە ناوەندەکانی هەماهەنگیی لە سێ پارێزگا کە نوێنەرانی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆی فیدراڵ و وەزارەتی پێشمەرگە تیایدا بەشداربوون، گفتوگۆکراوە. لیوا یەحیا ڕەسول ئاشکراشی کردبوو کە ناوەندەکانی هەماهەنگیی، بەشەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاریی و هەماهەنگیی بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە ناوچەکانی عێراق لەخۆدەگرن.

بەغدا.. تەقینەوە لە سەربازگەیەکی حەشدی شەعبی و پۆلیس ڕوویدا

وەزارەتی بەرگریی عێراق: تەقینەوەکان بەهۆی هەڵەی عەمبارکردنەوە ڕوویداوە



دوو تەقینەوە لە کۆگایەکی چەك و تەقەمەنی هێزەکانی حەشدی شەعبی و پۆلیس لە بەغدای پایتەختی عێراق ڕوویدا. شانەی ئەمنیی سەربە حکوومەتی عێراق لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرایکردووە، لە بنکەی سەربازیی سەقەر لە سەر ڕێگەی بەغدا- حللە دوو تەقینەوەی جیاواز ڕوویانداوە. ڕاگەیەنراوەکە هیچ ئاماژەیەکی بە سەرچاوەی تەقینەوەکان نەکردووەو دوای تەقینەوەکانیش هێزێکی زۆری ئەمنیی لە دەوروبەری بنکە سەربازییەکەیان لە باشووری ڕۆژئاوای عێراق جێگیرکران. دوێنێ دووشەممەش حکوومەتی عێراق بڵاویکردەوە ئەو تەقینەوانەی کە لە بنکەیەکی سەربازی لە بەغدا ڕوویدا بەهۆی هەڵە لە عەمبارکردندا، بووە. شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند کە هۆکاری دوو تەقینەوەکەی نێو سەربازگەی سەقەر باشووری بەغدا، بۆ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و خراپیی عەمبارکردنی چەك و تەقەمەنیی سەربازگەکە دەگەڕێتەوە. لە ڕاگەیەندراوێکدا، شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی ئاماژەی بەوە داوە، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەستیان کەوتووە، دەرکەوتووە هۆکاری ئەو دوو تەقینەوەیەی کە ڕۆژی یەکشەممە لە سەربازگەی سەقەر ڕووياندا، بۆ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و خراپیی عەمبارکردنی چەك و تەقەمەنیی سەربازگەکە دەگەڕێتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەیش کراوە کە هێشتا لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە و دواتر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕادەگەیەندرێت.

بەرپرسێکی ئەمنیی عێراقیش کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت لە ڕوونکردنەوەیەکیدا ڕایگەیاندووە، هێزەکانی پۆلیس سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق و ئەندامانی گروپی سەید شوهەدای سەر بە حەشدی شەعبی لەو بنکە سەربازییە دەمێننەوە کە تەقینەوەکە تێیدا ڕوویداوە. بەرپرسە ئەمنییە عێراقییەکە ئاشکراشی کردووە، تەقینەوەکە لە عەمباری چەك و تەقەمەنییەکانی هێزەکانی پۆلیس ڕوویداوە.



ڕۆژهەڵاتی کوردستان..

لە زیندانی ئورمیە دوو بەندکراوی دیکەی کورد لەسێدارە دران

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حوکمی سێدارەی دوو بەندکراوی کورد لەزیندانی ئورمیە جێبەجێ کرا و چارەنووسی کەسێکی دیکەش کەبە هەمان مەبەست برابووە ژووری تاکەکەسی، نادیارە. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردەوە کە بەرەبەیانی دوێنێ دووشەممە ٢٧ ی ٧ ی ٢٠٢٠، حوکمی سێدارە لانیکەم دوو بەندکراو کە بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست ئەو حوکمەیان بە سەردا سەپابوو، لە زیندانی ئورمیە جێبەجێ کراوە.

هەنگاو دەشڵێت، ناسنامەی ئەو دوو بەندکراوە "عەلی عەبدی" خێزاندار و "ئەمیر حوسێن"لە بەندی لاوانی زیندانی ئورمیە ڕاگەیەندراوە.

عەلی عەبدی لە ٩ ساڵ پێش و ئەمیر حوسێن لە پێنج ساڵ پێش بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست دەستبەسەر و لە زیندانی ئورمیە ڕاگیراون. هەنگاو ڕۆژی یەکشەممەش ڕایگەیاندبوو کە دوو بەندکراو بە مەبەستی جێبەجێکرانی حوکمەکەیان بۆ ژووری تاکەکەسیی بەندیخانەی ئورمیە گواستراونەتەوە. سەرچاوەکانی هەنگاو دوێنێ دووشەممە ڕایانگەیاندووە کە بەندکراوێکی دیکەش بە هەمان مەبەست براوەتە ژووری تاکەکەسی، هەتا ئێستا ناسنامەی ئەو بەندکراوە بۆ هەنگاو ئاشکرا نەبووە و دیار نیە لەسێدارە دراوە یان نا.

ئێران. 212 کەسی دیکەی تووشبووی کۆرۆنا گیانیان لەدەست دا


دوێنێ دووشەممە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری لەبارەی دواییین ئامارەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ڕایگەیاند کە لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، ٢١٢ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە و دوو هەزار و ٤٣٤ حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسەکەیش تۆمار کراون. بەمشێوەیە ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، ١٥ هەزار و ٩١٢ کەس و ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکانیش گەیشتوونەتە، ٢٩٣ هەزار و ٦٠٦ کەس کە ڕەوشی تەندروستیی سێ هەزار و ٨١٩ یان ناچێگیرە. هەروەها ٢٥٥ هەزار و ١٤٤ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە دوای وەرگرتنی چارەسەر چاکبوونەتەوە و نەخۆشخانەیان بەجێهێشتووە.

بە گوتەی سیما سادات لاری تا ئێستا، دوو ملیۆن و ٣٥٣ هەزار و ٥٣٢ پشکنینی تایبەت بە ڤایرۆسەکە ئەنجامدراون. گوتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستیی ئێران پارێزگاکانی مازەندەران، فارس، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، خۆراسانی ڕەزەوی، ئەلبورز، خوزستان، لوڕستان، گولستان، کرمان، زەنجان و ئیلام-ی وەك «ناوچەی سور» و پارێزگاکانی تاران، ئەسفەهان، بوشەهر، هورموزگان، قەزوین، مەرکەزی، خۆراسانی باکوور، هەمەدان، خۆراسانی باشوور، سیمنان، سێستان و بەلوچستان، ئەردەبیل و کوهگیلویە-ی وەك «ناوچەی مەترسیدار» ناوبرد.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بافڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات

مەسرور بارزانی: پێویستە گشت لایەنە بەشداربووەکانی حکوومەت پشتگیریی لە کارنامەی حکوومەت بکەن، چونکە بەرنامەی هاوبەشی لایەنە بەشداربووەکانی ناو حکوومەتە

بافڵ تاڵەبانی: یەکێتی وەک بەشدارێکی سەرەکی حکوومەت پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات



دوێنێ دووشەممە ٢٧/٧/٢٠٢٠ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بافڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد. لە دیدارەکەدا گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پشتگیریکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا.

هاوسەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە یەکێتی وەک بەشدارێکی سەرەکی پاڵپشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. گوتیشی کێشەی لایەنە سیاسییەکان نابێت لە دامودەزگا حکومییەکاندا رەنگ بداتەوە و پێویستە هەموو لایەک بە پشووفراوانییەوە هاوکار بین بۆ ئەوەی بە دانوستان هەموو کێشەکان چارەسەر بکەین. چونکە هەموو دەسکەوتەکانمان ئەنجامی یەکڕیزی و تەباییان بووە. بۆیە هەموو هەوڵێک دەدەین هاوکار بین بۆ ئەوەی ئەو دۆخە سەختە و قەیرانەکان تێپەڕێنین.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە خەڵکی هەرێمی کوردستان، وێرای تەحەمولکردنی سەختییەکان، نیگەرانن لە گرژییە ناوخۆییەکان و چاوەڕوانن لایەنەکان دۆخێکی لەباری سیاسی بڕەخسێنن. گوتیشی حکوومەتی هەرێم حکوومەتی هەموو هەرێمی کوردستانە و پێویستە گشت لایەنە بەشداربووەکانی حکوومەت پشتگیریی لە کارنامەی حکوومەت بکەن، چونکە بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم، بەرنامەی هاوبەشی لایەنە بەشداربووەکانی ناو حکوومەتە.

سەرۆکی حکوومەت جەختیشی لەوە کردەوە کە حکوومەتی هەرێم هەموو تواناکانی خستووەتە گەڕ، بۆ ئەوەی ئەو ڕەوشە ئابووری و تەندروستییە نەخوازراوە تێپەڕێنێت و دۆخی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان باشتر بکات، بۆ ئەم مەبەستەش چاوەڕوانی پاڵپشتیی هەموو لایەنەکانە.

بە تەبایی خەونی ناحەزانمان دەخەینە نێو گۆڕ و کێشەکانمان چارەسەر دەکەین

سەعدی پیرە: دواکۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی باشترین جەژنانە بوو پێشکەشی خەڵکی کوردستان کرا



پارتی و یەکێتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە هەوڵدان و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش دەڵێ، کۆبوونەوەی رۆژی یەکشەممە باشترین جەژنانە بوو پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کرا. سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: کۆبوونەوەی رۆژی یەکشەممەی نێوان پارتی و یەکێتی باشترین جەژنانە بوو پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کرا، چونکە خەڵکی کوردستان نیگەران بوو لەوەی پارتی و یەکێتی تەبا نین، لەبەر ئەوەی پارتی و یەکێتی سەرەڕای هەبوونی ئەم هەموو قەیرانە، لەوانە پرسی ئابووری و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئاسایشی نەتەوەییشی لە مەترسیدایە و لەشکرکێشی هەیە بۆ سەر کوردستان، ئەگەر پارتی و یەکێتیش ناکۆک بن ئەوە دەردەکە زۆر گرانتر دەکات.

ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەشڵێت: کۆبوونەوەی رۆژی یەکشەممەی نێوان پارتی و یەکێتی ئاوێکی بەو ئاگرەدا کرد و دوێنێش پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی هەموو فراکسیۆنەکان کۆبوونەوە و بەردەوامیشە لە کارەکانی.

سەعدی پیرە ڕوونیشی کردۆتەوە: ئەنجامدانی یەک کۆبوونەوە چارەسەری هەموو کێشەکان ناکات، بەڵام سەرەتایەکە بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتوو تا کێشەکان چارەسەر بکرێن و هەتا ئەو کۆبوونەوانە ئەنجام نەدرێن کێشەکان چارەسەر ناکرێن، پێویستە کۆبوونەوەکان بەردەوام بن، لەبەر ئەوەی یەکێک لێرە و یەکێک لەوێ قسەیەکی ناشاز بکات کێشە بەوە چارەسەر ناکرێن، بەڵکو بە تەبایی خەونی ناحەزانمان دەخەینە نێو گۆڕ و کێشەکانمان چارەسەر دەکەین.



مەسرور بارزانی: دایکە عائیشە نموونەی خۆڕاگری و قوربانیدان بوو

دوێنێ دووشەممە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی کۆچی دوایی دایکە عائیشە، دایکی سێ شەهیدی شەڕی تیرۆریستانی داعش و ناسراو بە دایکی شەهیدان، پرسەنامەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایدەگەیەنێت، دایکە عائیشە نموونەی خۆڕاگری و قوربانیدان بوو. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

پرسەنامەیەك لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (دایکە عائیشە)مان بیست کە دایکی سێ شەهیدی قارەمانی کوردستان و نموونەی خۆڕاگری و قوربانیدان بوو. پرسە و سەرەخۆشی گەرمەمان بە بنەماڵە بەڕێزەکەی ڕادەگەیەنین. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

٢٧/٧/٢٠٢٠

سەرۆکی حکوومەت سکاڵای یاسایی لە دژی هیچ ڕۆژنامەنووسێک تۆمار نەکردووە

دوێنێ دووشەممە نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاند، سەرۆکی حکوومەت سکاڵای یاسایی لەسەر هیچ ڕۆژنامەنووسێك تۆمار نەکردووە. لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: ئەو سکاڵایانەی کە هەبووە لەلایەن داواکاری گشتییەوە بووە لە سەر ئەو کەسانەی لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و ڕاگەیاندنی کەرەنتین، گومانیان دەخستە سەر هەبوونی پەتاکە و خەڵکیان بۆ سەرپێچی لە ڕێنماییە تەندروستییەکان هان دەدا. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سکاڵای یاسایی لە دژی هیچ ڕۆژنامەنووسێك تۆمار نەکردووە، وەك هەندێک سایت بڵاویان کردووەتەوە . ئەو سکاڵانەی کە هەبووە لە لایەن داواکاری گشتییەوە بووە لە سەر ئەو کەسانەی لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و ڕاگەیاندنی کەرەنتین، گومانیان دەخستە سەر هەبوونی پەتاکە و خەڵکیان بۆ سەرپێچی لە ڕێنماییە تەندروستییەکان هان دەدا. ئەم بابەتەش تەنیا پەیوەندیی بە داواکاری گشتییەوە هەیە.

نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

٢٧/٧/٢٠٢٠



حکوومەتی بەغدا.. 10 ڕۆژ قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەنرا

کێشەی کارەبا و خزمەتگوزارییەکان هەرەشە لە حکوومەتی کازمی دەکات

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

لەکاتێکدا پلەکانی گەرما لە ناوەڕاست و باشووری عێراق لە دەوروبەری ٥٠ ی سەدی دایە، کەمبوونەوەی کاتژمێرەکانی کارەبای نیشتمانی لەم وڵاتە و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەك ئاو و پاککردنەوەی کۆڵان و کۆکردنەوەی خاشاکی مااڵن تەنگی بەدانیشتوانی شار و شارۆچکەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق هەڵچنیوە و بەهۆیەوە بۆ یەکەمجار دوای دەستبەکاربوونی مستەفا کازمی وەك سەرەك وەزیرانی نوێی عێراق خۆپیشاندانی فراوان لە بەغدا و زۆربەی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق دەستپێکرد و هەر دوێنێ بەیانی لەئەنجامی تووندوتیژی نێوان خۆپیشاندەران و هێزی قەڵاچۆکردنی ئاژاوە لەعێراق دوو عێراقی کوژران و ٥ دیکەش بریندار بوون. ئەمەش تووندوتیژترین خۆپیشاندانە لەو کاتەوەی مستەفا کازمی بۆتە سەرەك وەزیران و دوێنێ خۆپیشاندەرانی عێراق زۆربەی شەقام و ڕێگا سەرەکییەکانی ناو بەغدا و شارەکانی دیکەی باشووری عێراقیان داخست و داوای ڕۆیشتن و دەستلەکارکێشانەوەی مستەفا کازمیان دەکرد.

بەپێی زانیاریەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ئێستا لەو شارانە کەمتر لە ٥ کاتژمێر کارەبای نیشتمانی هەیە و پلەکانی گەرما و کەمی ئاوی خواردنەوەش بەتەواوەتی دانیشتووانی عێراقی هەراسان کردووە، جگە لەوەش کێشەی کەمی خزمەتگوزاریی تەندروستی ڕێژەی تووشبووان بەڤایرۆسی کۆرۆنا لەعێراقدا ڕوو لەهەڵکشانە و تەنها لە٢٤کاتژمێری ڕابردوودا ٢٥٥٣ کەس تووشی کۆرۆنا بوون و ٩٦ کەسیش بەم ڤایرۆسە کۆچی دواییان کردووە. هەر بەهۆی ئەم بارگرژیانەوە حکوومەتی عێراق بڕیاریدا بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ قەدەغەی هاتوچۆ لەعێراقدا ڕابگەیەنێت .



پەرلەمانی کوردستان

پەیامێکی هاوخەمی ئاراستەی بنەماڵەی دایکە عائیشە دەکات

بۆ کۆچیدوایی دایکە عائیشە ، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی هاوخەمی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو دەکات، ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان خانەواده و کەس وکاری دایکی شەهیدان دایکە عائیشە.

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچیدوایی دایکە عائیشەمان پێگەیشت، دایکە عائیشە دایکی سێ شەهیدی قارەمانی پێشمەرگە بوو، نموونەی باڵای خۆڕاگری و گیانفیدایی ژنی کورد و قارەمانێتی ئەم میللەتە بوو، بە ناوی پەرلەمانی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی کەس و کاری دایکە عائیشە و تەواوی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەکەین، گیانی ئەم دایکە قارەمان و ڕەمزی خۆڕاگرییە هەمیشە شاد بێت و ئارامی بە خانەواده و کەس و کاری ببەخشێت.

«انا لله وانا الیه راجعون»

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

٢٠٢٠/٧/٢٧

دوو خۆپیشاندەر کوژران و دەیانی دیکەیش بریندار بوون



دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لە بەغدا

لە بەغدای پایتەختی عێراق، کاتەکانی ئێوارەی رۆژی یەکشەممە خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت سەرلەنوێ کڵپەی سەند و لە ئاکامی دەستێوەردانی هێزە ئەمنییەکاندا، دوو کەس کوژران. بەپێی ئەو زانیارییەی لە سەرچاوە ناوخۆییەکان و گەواهیدەرانەوە دەستکەوتووە لە میانی خۆپیشاندانەکاندا کە سەرلەنوێ لە مەیدانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا دەستیان پێ کردەوە هێزە ئەمنییەکان گوللەی راستەقینەیان بەکارهێناوە و لە ئەنجامی دەستوەردانی ئەو هێزانەدا، دوو خۆپیشاندەر کوژراون و دەیانی دیکەیش بریندار بوون.

لیوا یەحیا ڕەسول: ئیستیفزازکردنی هێزە ئەمنییەکان کاری ژمارەیەک لایەنە کە نایانەوێت عێراق سەقامگیر

داوا لە کازمی دەکرێ دەستوەردان لە رووداوەکە بکات

ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران لە میانی گواستنەوەی رووداوەکانی مەیدانەکەدا، ئاماژەیان بەوە کرد کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، ڕێگە بە گەیشتنی ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن نادرێت بۆ گەیاندنی کوژراو و بریندارەکان بە نەخۆشخانەکانی ناوچەکە. هاوکات چالاکوانانی مەدەنیی عێراقی لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە داوایان لە سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی کرد دەستوەردان لە رووداوەکەدا بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، عەلی بەیاتی رایگەیاند، لە میانی ڕووبەڕووبونەوەکەی دوێنێ یەکشەممە، نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی بەغدا، دوو خۆپیشاندەر کوژراون. عەلی بەیاتی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرای کردووە، زانیارییان بەدەست گەیشتووە کە لە میانی ڕووبەڕووبونەوەکەی ڕۆژی

نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی دەکات کۆرۆنا زیانی 152 ملیار دۆلار لە وڵاتانی عەرەبی بدات

رووداو/ ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا چالاکە و رۆژانە ژمارەیەکی زۆری خەڵک تووشدەبن و گیان لەدەستدەدەن. نەتەوە یەکگرتووەکان لە دواییین راپۆرتیدا هۆشداری لە بارودۆخی خراپی ژیان و گوزەران و باری تەندروستی لە وڵاتانی عەرەبی دەدات.

نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، نەبوونی سەرچاوە سەرەتاییەکانی چاودێری تەندروستی و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت، مەترسیی گەورەتربوونی کاریگەرییەکانی کۆرۆنا بۆسەر بەشی زۆری وڵاتانی عەرەبی زیاتر دەکات؛ تێکچوونی بارودۆخی ئابووریی بەشێك لە وڵاتانی عەرەبییش بە کۆرۆناوە دەبەستێتەوە و چاوەڕێ دەکات، ئابووریی وڵاتانی عەرەبی بە ڕێژەی ٥,٧٪ پاشەکشەبکات و بە نزیکەی ١٥٢ ملیار دۆلار زیانی بەربکەوێت. ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەهای بازاڕەکانی بۆرسەی وڵاتانی عەرەبی بە ڕێژەی ٢٣٪ دابەزیوە.

هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی دەکات کە ژمارەی خەڵکی هەژار لە وڵاتانی عەرەبیدا ١٤,٣ ملیۆن کەس زیاتربێت و بگاتە ١١٥ ملیۆن کەس و ١٧ ملیۆن کەسیش لە وڵاتانی عەرەبیدا لە چارەکی دووەمی ٢٠٢٠دا کارەکانیان لەدەستبدەن. لە کۆی زیاتر لە ٤٢٣ ملیۆن دانیشتووی وڵاتانی عەرەبی، تاوەکو ئێستا زیاتر لە یەك ملیۆن و ١٨٩ هەزار کەس تووشی کۆرۆنا بوون، زیاتر لە ٣١ هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە، ئەوەش دەکاتە ٥,٧٪ ی تووشبووانی کۆرۆنا.

سەبارەت بە ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ٣٣٪ی وڵاتانی عەرەبی بۆ هەر ١٠ هەزار کەس تەنیا ١٠ پزیشك و پەرستار هەن. لە زۆربەی وڵاتە دەوڵەمەندە عەرەبییەکانیش بۆ هەر ١٠ هەزار کەس، نزیکەی ٧٠ پزیشك و پەرستار و نزیکەی ١٦ تەختی نەخۆشخانە هەن. جگە لە کێشە تەندروستییەکان، بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی و ئابووریی قورس بوونەتەوە و بڵاوبوونەوەی کۆرۆناش نەهامەتییە داراییەکانی ئەو وڵاتانەی زیاتر کردووە.

بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی:

ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنای نوێ بەردەوام لە هەڵکشاندایە

بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، تێدرۆس ئەدهانۆم گێبرێیسس رایگەیاند: ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە میانی شەش هەفتەی ڕابردوودا، دوو هێندە بووە.

تێدرۆس ئەدهانۆم گێبرێیسس لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: لەئێستادا ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە سەرانسەری جیهاندا، زیاترە لە ١٦ ملیۆن کەس و زیاتر لە ٦٤٠ هەزار کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لە دەستداوە.

گێبرێیسس ئاشکراشیکرد، پەتاکە بەردەوامە لە بڵاوبوونەوە بەخێرایی و لە میانی شەش هەفتەی ڕابردووشدا، ژمارەکان دوو هێندە بوون. بەڕێوەبەری گشتیی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی گوتی: نەبوونەو جێگرەوەی پەتاکە، بەڵام کۆرۆنا جیهانی ئێمەی گۆڕی و هەر کەسێك لە ئێمە سەبارەت بەم پرسە دەتوانێت گۆڕانکاریی بکات.

تێدرۆس ئەدهانۆم گێبرێیسس ئاماژەی بەوەیش دا کە لە ژمارەیەك وڵات، هەندێك ڕێوشوێن کاریگەرییان هەبووە لە بەرنگاربوونەوەی پەتاکە لەنێویاندا سەرکردایەتی سیاسیی، پەروەردە، پاکوخاوێنی و دووبارەڕێزیی کۆمەڵایەتیی. بەپێی ماڵپەڕی Worldometer کە پشت بە ئامارەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، ژمارەی تووشبوانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە سەرانسەری جیهاندا، گەیشتووەتە ١٦ ملیۆن و ٤٢٤ هەزار و ٢١ کەس کە لەنێویاندا ٦٥٢ هەزار و ٣٣٢ کەس گیانیان لەدەستداوە و ١٠ ملیۆن و ٥٢ هەزار و ٦٧٣ تووشبوو پەتاکەیان تێپەڕاندووە و چاکبوونەتەوە.



ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی:

هێشتا عێراق لە قۆناغی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دایە

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هۆشداری دا لەوەی ئەگەر لە میانی ڕۆژانی جەژنی قوربانداو، گردبوونەوە و سەردانیکردن ئەنجام بدرێت و هاوڵاتییان پابەندنەبن بە دووەم پەرێزیی کۆمەڵایەتیی، ئەوا ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە عێراق بەرز دەبێتەوە و ڕاشیگەیاند کە هێشتا عێراق لە قۆناغی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە دایە.

لەمبارەیەوە سەرۆکی تیمی فریاکەوتن سەربە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە عێراق، وائیل حتاحت لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاماژەی بەوە داوە بەهۆی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزیی، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق کەمبوونەتەوە و گوتی: ئەگەر گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزیی بەم شێوەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوا ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق کۆنترۆڵ دەکرێت.

وائیل حتاحت باسی لەوەیش کرد کە هێشتا عێراق لە قۆناغی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دایە و گوتی: ئەگەر هاوڵاتییانی عێراق، بەردەوام پابەندبن بە ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزیی و دووری پەرێزیی کۆمەڵایەتی، ئەوا عێراق ڕووبەڕووی شەپۆلێکی توندی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا نابێتەوە. گوتیشی: هێشتا لەناوبردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەتەواوی لەڕووی زانستییەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە و تووندی مەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە.

سەرۆکی تیمی فریاکەوتن سەربە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە عێراق، وائیل حتاحت هەروەها گوتی: ئەگەر لە میانی ڕۆژانی جەژنی قوربانداو، گردبوونەوە و سەردانیکردن ئەنجام بدرێت و هاوڵاتییان پابەندنەبن بە دووەم پەرێزیی کۆمەڵایەتیی، ئەوا ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق بەرز دەبێتەوە و ئەمەیش لە کاتێدایە بەپێی دواییین ئامارەکان ١١٠ هەزار و ٣٢ کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون و لەو ژمارەیەیش چوار هەزار و ٣٦٢ کەس گیانیان لەدەستداوە و ٧٥ هەزار و ٢١٧ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

ژمارەی قوربانییانی کۆرۆنا لە بەڕازیل و مەکسیک و هیندستان ڕوو لە هەڵکشانە

لە بەڕازیل کە دووەم وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان زۆرترین کاریگەری پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێی لەسەر بێت لە میانی ٢٤ کاتژمێردا ٥٥٥ کەس و لە مەکسیك ٣٠٦ کەس و لە هیندستان ٧٠٨ کەس بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە.

بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی تەندروستیی بەڕازیل، بە گیانلەدەستدانی ٥٥٥ کەسی دیکە کۆی گشتیی ژمارەی ئەو کەسانەی لەو وڵاتە بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ ٨٧ هەزار و چوار کەس، هەروەها ٢٤ هەزار و ٥٧٨ حاڵەتی نوێی تووشبوون بە پەتاکە تۆمارکراوە و تێکڕای ژمارەی تووشبووان گەیشتووەتە، دوو ملیۆن و ٤١٩ هەزار و ٩١ کەس. لە ویلایەتی ساو پاولۆ کە دانیشتوانەکەی نزیکەی ٤٦ ملیۆن کەسە و ناوەندی بازرگانییە بەڕازیلە، زۆرترین کاریگەری پەتاکەی لەسەرە بەشێوەیەك ٤٨٣ هەزار و ٩٨٢ حاڵەتی تووشبوون و ٢١ هەزار و ٦٠٦ حاڵەتی گیانلەدەستدان بە پەتاکەی تیادا تۆمارکراوە. هەروەها تاکو ئێستا یەك ملیۆن و ٦٣٤ هەزار و ٢٧٤ تووشبووی پەتای کۆرۆنا لە بەڕازیل چاکبوونەتەوە. جێی باسە بەڕازیل کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ٢١١ ملیۆن کەسی تێپەڕاندووە، بە ناوەندی پەتاکە دادەنرێت لە ئەمەریکای لاتیندا.

هەروەها بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی تەندروستیی مەکسیك لە میانی ٢٤٢٤ کاتژمێردا، ٣٠٦ کەسی دیکە بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە و کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بەو پەتایە بەرزبووەتەوە بۆ ٤٣ هەزار ٦٨٠ کەس. هاوکات پێنج هەزار و ٤٨٠ حاڵەتی نوێی تووشبوون بە پەتاکە تۆمارکراوە، بەوەیش ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بەو پەتایە گەیشتووەتە، ٣٩٠ هەزار و ٥١٦ حاڵەت، هەروەها تا ئەمڕۆ ٢٥١ هەزار و ٥٠٥ تووشبووی پەتاکە چاکبوونەتەوە. لە مەکسیك یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە پەتاکە لە ٢٨ی شوباتی ڕابردوودا تۆمارکرا و یەکەمین حاڵەتی گیانلەدەستدانیش لە ١٩ی ئایاری ڕابردوودا. بۆ یەکەمجاریش لە ٢٧ی ئایاری ڕابردوودا، ژمارەی ئەوانەی لەو وڵاتە لە ڕۆژێکدا بەهۆی کۆرۆنا گیانلەدەستدەدەن ٥٠٠ کەسی تێپەڕاند.

هەروەها بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی تەندروستیی هیندستان لە میانی ٢٤ کاتژمێردا، ٧٠٨ کەسی دیکە بە پەتای کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە، بەوەیش کۆی گشتیی گیانلەدەستدان بە پەتاکە گەیشتووەتە، ٣٢ هەزار و ٧٧١ کەس، ٤٩ هەزار و ٩٣١ حاڵەتی نوێی تووشبوون تۆمارکراوە و تێکڕای ژمارەی تووشبووانی پەتاکە گەیشتووەتە، یەك ملیۆن و ٤٣٥ هەزار و ٤٣٥ کەس، هەروەها تا ئێستا ٩١٧ هەزار و ٥٦٨ تووشبووی پەتاکە چاکبوونەتەوە. بەپێی ماڵپەڕی Worldometer کە پشت بە ئامارەکانی پەتای کۆرۆنا دەبەستێت لە جیهاندا، هیندستان لەسەر ئاستی جیهاندا، ڕیزبەندی سێیەمی گرتووە لەڕووی تۆمارکردنی زۆرترین حاڵەتەکانی تووشبوون بە پەتای کۆرۆنا.



ئەحمەد داودئۆغلۆ:

بۆچی دەسەڵاتی تورکیا بە زمانی کوردی قەڵس دەبێت؟

خوێندن بە زمانی کوردی لە تورکیا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئاشتیی کۆمەڵایەتی مسۆگەر دەبێت

ئەحمەد داودئۆغلۆ سەرۆکی پارتی ئایندە لە تورکیا، سەردانی باتمانی باکووری کوردستانی کردووە و لەوێ وتارێکی بۆ لقی پارتەکەی خوێندەوە و تێیدا پشتگیریی خۆی بۆ زمانی کوردی دەربڕی و گوتی بۆچی دەسەڵاتی تورکیا بە زمانی کوردی قەڵس دەبێت. ئەحمەد داودئۆغلۆ گوتی: لەم وڵاتەدا کە باس دێتە سەر زمانی کوردی کە زمانێکی سەرەکیی ئەم وڵاتەیە، بۆچی دەسەڵات قەڵس دەبێت؟ من بڕوام بەوە هەیە، خوێندن بە زمانی کوردی لە تورکیا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئاشتیی کۆمەڵایەتی دێتە بوون و مسۆگەر دەبێت.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ڕەخنەی لە حکوومەتی تورکیا گرت، چونکە لە کاتی کردنەوەی (ئایاسۆفیا)، بۆ یەکەمجارە حکوومەت بڕیار بدات کێ دەبێت بچێتە ماڵی خودا و کێیش بۆی نییە بچێتە ماڵی خودا.



نانسی پیلۆسی: تەرەمپ هەموو شتەکان بەرەو خراپترین بارودۆخ دەبات

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا نازناوێکی نوێ بۆ سەرۆکی وڵاتەکەی، دەدۆزێتەوە. نانسی پێلۆسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی CBS ی وڵاتەکەی، ڕایگەیاندووە، دۆناڵد تەرەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە مامەڵەکردن لەگەڵ پەتای کۆرۆنا، هەڵەی کرد.

نانسی پیلۆسی نازناوی Mr. Make Matters Worseی بۆ دۆناڵد تەرەمپ بەکارهێناوە، کە بەو مانایە دێت، تەرەمپ هەموو شتەکان بەرەو خراپترین بارودۆخ دەبات.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا پێیوایە بەکارهێنانی ماسك (دەمامك) لەلایەن تەرەمپەوە بەمدواییانە، مانای داننانی ئەوە بە هەڵەکەی. تەرەمپ لە وەڵامی پیلۆسیدا، ڕایگەیاندووە، ئەو "شێتە" و پێیوایە بە قەدەغەکردنی پێدانی ڤیزای ئەمەریکا بە هاوڵاتییانی چین "من هەڵەم کردووە". پیلۆسی، کە نوێنەری پارتی دیموکراتەکنی ئەمەریکایە، بەردەوام ناکۆکە لەگەڵ سیاسەتەکانی دۆناڵد تەرەمپ، کە سەر بە پارتی کۆماریخوازەکانی ئەمەریکایە.

پارێزگەری دهۆک :

پرانیا ئاوارە و پەنابەران ل سەر ئاستێ هەموو عیراقێ ل پارێزگەها دهۆکێ دژین



دوهی سپێدێ 27/7/2020 د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا ئیڤان فائق جابر وەزیرا کوچ و کوچبەرێن عیراقا فیدرال کر .

دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماەبونا هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن مروڤایەتی و چەند رێڤەبەرێن فەرمانگەهێن پەیوەندیدار بەحسێ رەوشا ئاوارە وپەنابەران ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ وئەو خزمەتگوزاریێن کارگێریا پارێزگەهێ وریێکخراوێن مرۆڤایەتی پێشکێشدکەن ب گشتی هاتە کرن.

پاش دکونگرەکێ رۆژنامەڤانی دا پارێزگەرێ دهۆکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانێ دیارکر وگوت: پرانیا ئاوارە و پەنابەران ل سەر ئاستێ هەموو عیراقێ ل پارێزگەها دهۆکێ دژین و هیڤی خواستن کو ب هاتنا وەزیرا کوچ وکوچبەران کێشێن وان بهێنە چارەسەرکرن ،هەر چەندە مانا ئاوارە وپەنابەران ل هەرێما کوردستانێ وپارێزگەها دهۆکێ دژێڤبویە لێ هەر وەکو ئەو لناڤ مالاّ خونە ودڤێت ئاریشێن وان ب رژدی بهێنە چارسەرکرن وحکومەتێن هەرێما کوردستانێ وعیراقا فیدرال رێکەفتنەکێ بکەن وباوەریێ بو چێکەن کو ئاوارە ڤەگەرنە سەر جە و وارێن خو وپشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هاریکاریەکێ.

ژلایێ خوڤە وەزیرا کوچ و کوچبەرێن عیراقا فیدرال سلاڤ و رێزێن سەروک وەزیرێن عیراقێ گەهاندنە پارێزگەرێ دهۆکێ و خەلکێ دەڤەرێ و گوت: هەرێما کوردستانێ وەلاتێ مەیێ دووێ یە وپشکەکە ژعیراقێ وسوپاسیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و خەلکێ هەرێمێ ب گشتی وپارێزگەها دهۆکێ وخەلکێ پارێزگەها ب تایبەتی کر ل دور حەواندنا وێ ژمارا زۆر یا ئاوارە و پەنابەران .

هەروەسا گوت: مە ل دووڤ بەرنامێ وەزارەتێ سەرەدانا چەندین کەمپێن ئاوارا ل سنورێ پارێزگەها دهۆکێ کریە وژنێزیك مە سەحکریە رەوشا وان و گەلەکا حەزا ڤەگەریانێ یا ئارەزومەندانە بو شنگالێ هەبویە لێ چەندین ئاریشە هەنە دەمێ ڤەدگەرن ودڤێت ژێرخانا گوند وکومەلگەهێن دەڤەرا شنگالێ بهێتە چێکرن وخزمەتگوزاریێن پێدڤی بهێنە دابینکرن و خانیێن خرابوی بهێنە ئافەدانکرن و قەرەبویا زەرەرمەندا بهێتە کرن دا خەلکێ بشێت ڤەگەر یت .

هەروەسا دیارکر کو وەزارەتا کوچ وکوچبەران نڤێسینگەهەکا تایبەت ل شنگالێ ڤەکریە بو دووڤ چونا بابەتێ ڤەگەریانا ئاوارەیان وچارەسەرکرنا ئاریشێن وان .

ل دوماهیێ گوت: ئەم دگەل حکومەتا هەرێمێ رێکەفتی نە ومە پلانەکا باشە دانیە بو ڤەگەراندنا ئاوارەیان بو سەر جە و وارێن وان.

کارمەندێکی بەرگری شارستانی منداڵێکی ساوا لە سووتان رزگار دەکات



کارمەندێکی بنکەی بەرگریی شارستانی خەلیفان لەکاتێکدا لە پشووی خۆی بوو و بەمەبەستی گەشتکردن رووبکردبووە هاوینەهەواری وەرتێ، منداڵێکی ساوای لە سووتان رزگارکرد.

موقەدەم بەیار باڵەکی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەرگریی شارستانی سۆران رایگەیاند رزگار محەمەد سێودێنی، پۆلیسە لە بەرگریی شارستانی خەلیفان لەکاتێکدا لە پشووی خۆی بووە لە هاوینەهەواری وەرتێ ئاگر لە ژێر کەپرێکی گەشتیاران کەوتووەتەوە و ئەو کوژاندوویەتییەوە .

رووداوەکە هەیینی رابردوو 7-24-2020 رووبداوە و سەرچاوەی ئاگرەکە، غازێکی بچووک بووە، کە زۆرجار هاوۆلاتییان لە کاتی سەیراندا بۆ ئاماەکردنی خۆراک بەکاریدهێنن. بەڕێوەبەرەکەی راگەیاندن باس لەوە دەکات رزگار محەمەد، بە دەستی خۆی سەری غازەکەی جیاکردووەتەوە و ئاگرەکەی کوژراندووەتەوە، کەپرەکە بەهۆی ئاگرەکە چۆڵ بووە و تەنیا منداڵێکی ساوا لەنێو لانکە بەجێماوە، کە لەلایەن پۆلیسەکەوە رزگارکراوە .

تایبەت بە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ مامۆستایانی هەردوو قۆناخی بنەڕەتی و ئامادەیی

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نووسراوێکدا مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ مامۆستایانی هەردوو قۆناخی بنەڕەتی و ئامادەیی رادەگەیێنێت و تێیدا هاتووە، مامۆستایان دەتوانن لە بەرواری 30-8-2020ـەوە داواکاری پێشکێشبکەن. بەمەرجێک لەدوای 20-12-2015ـەوە مۆڵەتی بێ مووچەی لە دوو ساڵ تێپەڕی نەبووبێت .

لە مەرجەکانی وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە، دواییین رێککەوت بۆ بەرزکردنەوەی داواکارییەکان 9-15-2020 دەبێت و پێویستە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پارێزگاکان بێت. لەبارەی ئەو ئافرەتانەی مۆڵەتی دایکایەتییان کردووە، وەزارەتی پەروەردە دەڵێت، دەبێت لەماوەی 10 رۆژ دوای دەستبەکاربوونەوەیان داوای مۆڵەتی بێ مووچە بکەن.

لە راگەیێندراوەکەی وەزارەتی پەروەردەدا ئاماژە بەوە دراوە، لەکاتی داواکردنی درێژکردنەوەی مۆڵەتی بێ مووچە، پێویستە کار بە ناوەڕۆکی ڕێنمایی ژمارە 1ـی ساڵی 2017ـی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکرێت. هاوکات داواکار پێویستە ڕەزامەندیی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەپێی فۆرمی ژمارە یەک وەرگرێت و بەڕوونی ئاماژە بکرێت بەوەی کە کاریگەریی لەسەر میلاک نییە. بەپێی مەرجەکان، نابێت دەست لەکار هەڵگرتن بکرێت تاوەکو بڕیاری وەزاری و بڕیاری کارگێڕیی گشتیی قەزاکان بە پێدانی مۆڵەتەکەی دەرنەچێت. هاوکات دەست هەڵگرتنیش لەماوەی حەوت رۆژ زیاتر نەبێت لە رۆژی دەرچوونی بڕیارەکە.

لەم هەفتەیەدا ئەنجامی تانەی قوتابیانی خوێندنی باڵا رادەگەیەنرێ



زیاتر لە دوو هەزار قوتابی خوێندنی باڵا تانەیان لە ئەنجامی بەرایی وەزارەتی خوێندنی باڵا داوە و بەرپرسێکی وەزارتەکەش دەڵێ، پێداچوونەوە بە سکاڵاکاندا کراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا وەڵامیان دەدرێتەوە.

سەرتیپ خاڵس، بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا لە وەزارەتی خوێندنی رایگەیاند: دوای راگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکانی خوێندنی باڵا و پەسەندکردنیان لەلایەن وەزارەتەوە، بۆ ماوەی هەفتەیەك دەرفەت دراوە بە زانکۆکان بۆ لێدانی تانە و تۆمارکردنی سکاڵا لەبارەی ئەنجامەکان، تا ئێستا دوو هەزار و 400 تانە لە ئەنجامەکان دراون .

بەڕێوەبەری خوێندنی باڵا گوتیشی: لەسەر داوای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لە هەر زانکۆیەك لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان پێك هاتووە و پێداچوونەوە بە ئەنجامەکانی ئەو کەسانەدا دەکات کە تانەیان هەیە .

پەیوەست بە ئەنجامی تانەکان، سەرتیپ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: دوای لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە، لیژنەکان ڕاپۆرتی خۆیان ئاراستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەنجامی تانەکان ڕابگەیەنێت .

لە ژێر گوندێن شنگالێ ئاریشا ئاڤێ هەیە



مەهدی قاسم رێڤەبەرێ ئاڤا شنگالێ دیارکرکو ژبەر تێکدانا بیرێن ئاڤێ و خرابکرنا تۆرێن ئاڤێ ئاریشا ئاڤا ڤەخۆارنێ ل گەلەك دەڤەرێن شنگال هەیە هەتا نوکە دناڤ سەنتەرێ شنگال دا ب رێژا 25% تۆرێن ئاڤێ خرابکرینە چوو پشتەڤانیی نینە هەتا ئەم بشێین ڤان تۆرێن ئاڤێ بۆ وەلاتیان دروست بکەین کو 16 بیرێن ئاڤا ڤەخۆرنێ هەبوون نوکە بتنێ 12 کار دکەن یێن دیتر ژکار کەفتینە هیشتا نەهاتینە چێکرن .

مەهدی قاسم ئاشکەرا کرکو تیرۆرستێن داعش زیانەکا مەزن گەهاندیە پرۆژەییێن ئاڤا ڤەخۆارنێ ل شنگال هەتا نوکە ژی ئاریشا ئاڤا ڤەخۆارنێ ل گەلەك جە و دەڤەرێن شنگال هەیە ئەم دخوازێن پشتەڤانیا شنگال بهێتە کرن بۆ چێکرنا پرۆژەییێن ئاڤا ڤەخۆارنێ نوکە هەتا 100 گوندێن سەر شنگال ڤە ئاریشا ئاڤێ هەیە.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، خانەوادەی حاجی فاتیمە عەزیز ئاغا

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(حاجی فاتیمە عەزیز ئاغا)مان پێگە یشت.

سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

* * * *

بەڕێزان خانەوادەی حاجی شەورۆ خەیلانی

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی گوندی گڕاوی خەیلانیان، خوالێخۆشبوو حاجی شەورۆ خەیلانی .

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم کەسوکار و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

* * * *

بەڕێزان خانەوادەی ڕەمەزان کۆیلەیی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دەڤەری باڵەکایەتی خوالێخۆشبوو ڕەمەزان عەولا مینە بایز ناسراو بە ڕەمەزان کۆیلەیی مان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایێتان پێ ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

* * * *

بەڕێزان خانەوادەی حاجی فاتیمە عەزیز ئاغا

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو حاجی فاتیمە عەزیز ئاغا-مان پێگەیشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵە بەڕێزەکەتان و سەرجەم خزم و دۆست و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایێتان پێ ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

ئاگاداری

هاتووچۆی سلێمانی ئاگادارییەکی بڵاوکردەوە

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی، شۆفێران ئاگادارەکاتەوە، سایدی ڕێیشتن لەبازگەی تاسڵوجەوە بۆ ناو تاسڵوجە و ڕێگەی نێوان سلێمانی-دوکان، واتە لەسەر پردەکەوە بەربەست کراوە، لەئێستادا تیمەکانی شارەوانی کاری تێدا دەکەن.

هەروەها شۆفێران ئادارەکاتەوە، بەهەمان شێوە سایدی لە سلێمانییەوە ڕێیشتن بۆ تاسڵوجە بەتەنیشتی پردەکەدا بەربەست کراوە و تیمەکانی شارەوانی کاری تێدا دەکەن.

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی داوا لە شۆفێران دەکات، وەك ڕێگەی جێگرەوە و هاتوچۆکردنیان بۆ تاسڵوجە یاخود قەزای دوکان، ڕێگەی ناو ماڵەکانی تاسڵوجە بەکاربهێنن.

ماڵپەڕ و حەفتەنامەیەک بەناوی ئاشەڤان دەردەچێت

نوێنەرایەتی زەردەشتییەکانی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان ماڵپەڕێك و حەفتەنامەیەک بەناوی ئاشەڤان کە بەشێوەی ئەلیکترۆنی و کاغەز دەردەچێت گرنگی بە هەموو ئاین و پێکهاتەکانی کوردستان دەدات، بە زمانی کوردی بابەتەکات بڵاودەکاتەوە و بارەگای سەرەکیی لە هەولێر دەبێت، کە خاوەن ئیمتیازەکەی ئاوات حوسامەدین دەبێت و سەرنووسەر ڕەمەزان زەکەریا زەبیر هەر کەسێك تێبینی هەیە، پەیوەندی بکات بە سەرنووسەر 07508909906 .



دیوە شاراوەکانی هاوسەرگیری بەهۆی سۆشیال میدیا لە بەدواداچوونێکی خەبات دا

تۆیژەرێکی کۆمەڵایەتی: ئاشنابوون لە ڕێگای سۆشیال میدیا ئەوەندە بەهێز نییە، بۆیە زۆرینەیان سەرکەوتوو نابن

ڕیپۆرتاژ: دیدار سابیر

ڕۆژ بەڕۆژ ژمارە و ڕێژەی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهان و هەرێمی کوردستانیش ڕووی لەزیادبوونە، زۆربەی تەمەنەکان بەکاری دەهێنن، بەڵام لەنێو گەنجاندا بەشێك لەوانەی بەکاری دەهێنن بۆ مەبەستی وەرگرتنی زانیاریيە و بەشێکیشیان بۆ مەبەستی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و سۆزداری و هاسەرگیری و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی ژیانیان تیایدا سەرقاڵ بوونە، بەشێك لە بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە کەسانێکن تەمەنیان لەخواروی ١٨ ساڵییەو بگرە زۆرجاریش منداڵانن، بەشێك لەو گەنجانەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن لەڕێگەی ئەم تۆڕ و یارییە ئەلکترۆنەکان کەوتوونەتە نێو دونیای خۆشەویستی و سۆزداری و بەشێکیان هاوسەرگیریان ئەنجامداوە و ئێستان خێزاندارن. لەڕێگای ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژە قسەی چەند گەنجێك و شارەزا و مامۆستای ئایینیمان وەرگرتووە بۆ ئاشکرا کردنی لەبارەی بابەتەکە:

ئەحمەد یونس قوتابی یەکێك لەکۆلێژەکانەو دانیشتووی شاری هەولێرە، ئەو دەڵێت: پرسیاری بابەتەکەمان لێکرد، بە جۆرێك لە نیگەرانییەوە گوتی: هەرگیز باوەڕم بە هاوسەرگیرییەك نییە لە ڕێگەی فەیسبووك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بنەمای بۆ دابندرابێت، ئەوە خۆخەڵەتاندن و یاریکردنە بە خۆت و بە کەسی بەرانبەر. هەر گوتیشی: چۆن کچێك بکەم بەهاوسەری ژیانم کە نەزانم چۆنەو خێزانی چۆنە، دوای ئەوە بنەماڵەکەی ئێمە ئەوەی هەر قبوڵ نییە.

کارزان و سارا دوو گەنجی دیکەن لەو گەنجانەی کە لە ڕێگەی فەیسبووك یەکتریان ناسیووە و پاشان لەگەڵ یەکتر دەست دەکەن بە یاری پۆبجی و دەکەونە ناو قسەوباسان، کات دەڕوات و زۆرتر تێکەڵاوی یەکتر دەبن و پۆبجی نێوانیانی بەهێزتر کرد پاشان دەبن بە خۆشەویست و لەئێستادا لەگەڵ سارا هاوسەرگیریان کردووە، منداڵێکی چاوگەشیان هەیە و بە قسەی کارزان هەردووکیان زۆر ئاسوودەن و دەڵێت: سارا هەرگیز دڵی نەشکاندووم و نایشکێنێت، بەڵام لەبەر قسەی کۆمەڵگا نەمانتوانی لای هەموو کەس بڵێین لە فەیسبووك و پۆبجی یەکترمان ناسیووە.

شیلان ئافرەتێکی تری تەمەن ٣٣ ساڵانە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتووەو ئێستا لەشاری هەولێرە، کاتێك پرسیاری ئەم بابەتەمان لێکرد زۆر بە تووڕەیی و دەنگێکی بەرز گوتی: بەخوای هەمووی فشەیە و راست نییە! کاتێك پرسیارم لێکرد بۆچی و چۆن فشەیە؟ ئەو گوتی: سێ ساڵ لەگەڵ کوڕێك بووم لە ئینستەگرام یەکترمانناسی و بووم بە خۆشەویستی، چەند جارێکیش یەکترمان بینیووەو بەڵێنی هاوسەرگیری پێدابووم، پاشان لەناکاو ساردبۆوە لەگەڵم و خۆی ونکرد.

مامۆستا مەلا ئاری مامۆستای ئایینی پێیوایە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەنجینەی دەستکەوتنی زانیارییەن لە سەردەمی ئێستادا، بەڵام ئەگەر بە باشی بەکاربهێندرێن. سەبارەت بە چوونە نێو پرۆسەی هاسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو مامۆستا ئایینییە دەڵێت: ڕاستە جیهان و تەکنۆلۆژیا و زانست و ژیانی مرۆڤیش زۆر پێشکەوتووە، بەڵام بۆ مەسەلەی هاوسەرگیری دەبێ زۆر بە هەستیاری مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە بکرێت، چونکە ژنهێنان و شووکردن بۆ ڕۆژێك و دووان نییە. کاروان گەردی تۆیژەر و شارەزا لەکێشەو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ڕۆژ بەڕۆژ هاوسەرگیری لەڕێگای سۆشیال میدیا زووی لەزیادبوونە و بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لەو ڕێگایە هاوسەرگیریان کردووە، تووشی کێشەی گەورە بوونەتەوە و بەشێکیشیان تووشی جیابوونەوە هاتوون.

ئەو تۆیژەرە کۆمەڵایەتییە گوتیشی: چەندین کێشە گەیشتۆتە دادگاو بنکەکانی پۆلیس کە چەندین کچ لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ کوڕان پەیدا کردووە و بەناوی هاوسەرگیری کچەکەیان هیناوەتەدەر و پاشان تووشی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە، بەشێك لە کوڕانیش بە فێڵی هاوسەرگیری و خۆشەویستی پارەیەکی زۆریان لەلایەن کچانەوە پێ بەفیڕۆ دراوە، بەگشتی چونکە ئاشنابوون لە ڕێگای سۆشیال میدیا ئەوەندە بەهێز نییە و هەردوو لایەنیش لە نزیکەوە یەکتر ناناسن، بۆیە زۆرینەیان سەرکەوتوو نابن.

لە هەرێمی کوردستان بازاڕی دەرمانە گیاییەکان لە پەرەسندندایە

هێمن فەتحوڵڵا: دەرمانی گیایی لە کۆنەوە بۆ دەرمانسازی و جوانکاری بەکارهاتووە



ڕاپۆرت: پەریهان عومەر

پزیشکی میللی یان ئەوەی ئێستا زۆرتر بە چارەسەری گیادەرمانی لەنێو کۆمەڵگەی ئێمە ناسراوە، ڕەگو ریشەیەکی مێژوویی هەیە و سەدان ساڵ پێش ئێستا و لە سەردەمە سەرەتاییەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی وەك تاکە چارەسەری نەخۆشی و چەندین پرسی دیکەش پشتی پێ بەستراوە، گیادەرمانییەکان کە ئێستا لەزۆر شوێنی جیهان و هەرێمی کوردستانیش بەکاردەهێندرێن، هاوکات مادەی خاوی بەشێکی زۆریش لەو دەرمانە دروستکراوانە پێکدەهێنن کە لە زانستی پزیشکی و دەرمانسازیدا بەکاردێت.

ئەوەی ئێستا زۆرتر بەدی دەکرێت، زۆربوونی دەرمانخانەی گیایی و پزیشکی گیادەرمانییە لە هەرێمی کوردستاندا، لەم ڕاپۆرتەدا چەند کەسێك ڕاوسەرنج و زانیارییەکانیان دەخەنەڕوو:

هێمن ئەحمەد فەتحوڵڵا پزیشکی گیادەرمانی و خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەدەرمانی گیاییدا بۆ خەبات گوتی: گیادەرمانی و دەرمانی گیایی هەر لەکۆنەوە بۆ بواردکانی دەرمانسازی و جوانکاری بەکارهاتووە، چونکە لە ڕووی پێکهاتەو سایکۆلۆژییەوە لەبونیاتی سروشتی مرۆڤەوە نزیکە و لایەنی خراپە و نەرێنی کەمترە، لە ڕووی زانستیشەوە خاسیەتی باشترە بۆ مرۆڤ، بۆیە ئەمڕۆ خەڵکانێك زیاتر بەکاری دێنن بۆ چارەسەرە سەرەتاییەکان و جوانکاری، هاوکات لەڕووی نرخیشەوە تێچووی کەمترە، بەڵام کۆمەڵێك گیامان هەیە کە ڕەنگە لەکوردستان نەڕوێن و نەبن، بۆیە لەدەرەوە دەیهێنین و ئەوەیش تێچووی زیاترە لەچاو ئەو گیایانەی کە لەوڵاتی خۆماندا دەڕوێت.



دێرین عزەدین:

گیادەرمانی سرووشتیم بەکارهێناوە، چونکە ماددەی کیمیایی تیانییە

دێرین عزەدین، لەسەر ئەم بابەتە بۆ خەبات قسە دەکات و چەندین زیانیاری گرنگ لەبارەی بەکارهێنان و سوودەکانی سەرەتاییەکان و جوانکاری، هاوکات لەڕووی نرخیشەوە تێچووی کەمترە، بەڵام کۆمەڵێك گیامان هەیە کە ڕەنگە لەکوردستان نەڕوێن و نەبن، بۆیە لەدەرەوە دەیهێنین و ئەوەیش تێچووی زیاترە لەچاو ئەو گیایانەی کە لەوڵاتی خۆماندا دەڕوێت.


دێرین عزەدین، لەسەر ئەم بابەتە بۆ خەبات قسە دەکات و چەندین زیانیاری گرنگ لەبارەی بەکارهێنان و سوودەکانی گیادەرمانییەکان دەخاتەڕوو: هەندێکجار گیادەرمانی سروشتیم بەکار هێناوە و لەبەر ئەوەی دووەم لە مادەی کیمیایی، سوودێکی باش و بێ زیانی هەیە، لەم سەردەمی پێشکەوتنەی زانستی پزیکیشدا لە شارێکی وەکو سلێمانی دوکانی دەرمانی گیایی هەیەو مێژووەکەی بۆ ١٢٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە وزۆرێش بەناوبانگە، ئەگەرچیش ناتوانرێت بڵێین گیادەرمانی لە زانستی پزیشکی ئەم سەردەمە فەرهەنگی وشەی «گیادەرمانییەکان» دوای ١٤ ساڵ هەوڵی بەردەوام و کۆکردنەوەی ناوی کوردی بۆ ٢٠ هەزار گیای دەرمانیی لە لایەن ئەحمەد قاسم ئۆغڵو لە شاری ماردینی باکووری کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە و بۆتە جێگای گرنگپێدانی خەڵك.




سازگار ئەحمەد:


ناڵێم هەمووی، بەڵام بەشێك لەدەرمانە گیاییەکان سوودی زۆر باشیان هەیە

سازگار ئەحمەد لەسەر ئەم باسە قسە بۆ ڕۆژنامەی خەبات دەکات و پێیوایە هەموو شتەکان ڕێژەیین، ئەو گوتی: من ناڵێم هەمووی، بەڵام بەشێك لەدەرمانە گیاییەکان سوودی زۆر باشیان هەیە، خۆم بەکارم هێناوە و سوودی باشم لێ بینیووە و هیچ زیانێکی نەبووە بۆم نەبووە، بەڵام ناتوانم بەرواردی ئەوە بکەم بڵێم دەرمانی پزیشکی لە دەرمانی گیایی باشترە یان بەپێچەوانەوە، بەڵکو هەر یەکەیان بەپێی جۆری نەخۆشیی و بەکارهێناو خودی گیا دەرمانییەکە جیاوازییان هەیە، چونکە هەندێك نەخۆشی پێویستی بەچارەسەری پزیشکی هەیە و هەندێکیش بە بەکارهێنانی دەرمانی گیایی چارەسەر دەبێت، ئەوەیش دەکەوێتە سەر بڕوا و متمانەی بەکارهێنەرەکەی، کە هەمیشە کەسانێك هەن زیاتر گرنگی بە دەرمانە پزیشکییەکان دەدەن و کەسانێکی دیکەیش بە پێچەوانەوە پێیانوایە گیادەرمانییەکان کاریگەرتر و باشترن، بۆیە دیاریکردنی ڕێژەیەك بۆ ئەو دوو جۆرە چارەسەرە ڕەنگە ئەستەم بێت.


سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان


وەزیری دەرەوەی فەرەنسا


وەزیری دەرەوەی ئێران


وەزیری دەرەوەی فیلەندا

گرینگی پێگەی دیبلۆماسیی هەرێمی کوردستان

خەبات ـ تریفە ئازاد:

بێگومان شۆڕش و ئاشتی و دیپلۆماسی هەریەکەیان دەم و کاتی خۆی هەیە و هەریەکەیان بارودۆخ و هەل و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، بزاڤی رزگاری خوازی کوردیش سەدەیەك خەبات و شۆڕش و بەرخودانی کرد، هەڵبەت شۆرشەکانی بارزانی و ئەیلوول و گوڵان و ڕاپەڕینی 1991 و داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحمودییە 2017 گەواهی دەری خەبات و شۆڕش و قوربانیدانی بزاڤی رزگاریخوازی کوردن. ئەمڕۆ لە بارودۆخی ئێستای عێراقی فیدراڵدا هەل و مەرجی دیکە هاتونەتەپێش کە پێویستدەکات دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان ئاشتیانە و دیبلۆماسییانە ئەسپی خۆی تێدا تاوبدات بۆ بەدەستهێنانی مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان. بێشك هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی و دەستووری لە عێراقدا کارەکتەرێکی گرنگ و هەوسەنگە لەعێراقدا، هەروەها هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگ و چالاکە لە چارەسەری کێشەکان لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، بۆیە دەبینین کە هەموو هەوڵ و چالاکییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان روو لە هەولێری پایتەخت دەکەن، لە هەفتەی رابردوودا ترافیکێکی سیاسی و دیپلۆماسیمان بینی لە هەولێری پایتەخت کاتێك وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ وڵاتی فەرەنسا و ئێران و فیلەندا سەردانی هەولێریان کرد. بۆ تاوتوکردنی ئەم مژارە لەم ڕاپۆرتەدا ڕاوبۆچوونی پسپۆڕ و شارەزایان وەردەگرین.

بڵند نەورەس مامۆستای زانکۆ لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

هەرێمی کوردستان و بەتایبەت هەولێری پایتەخت بەشێك بووە لە چەقی بڕیار لە عێراق و ناوچەکەدا، پاش بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کەرت و بواری دیبلۆماسی و بوارەکانی تریش توشی متبوون بوون لەسەر ئاستی جیهان، ئەولەوییەتی جیهانی بوو بە خۆپارێزی دژی کۆرۆنا،پاش هێورەبونەوەی کۆرۆنا و تێگەیشتن لە شێوازی خۆپارێزییەکان، دەبینین جارێکی تر چالاکی دیپڵۆماسی دووبارە کرانەوە لەسەر ئاستی جیهان بەرپابۆتەوە و هێواش هێواش پەیوەندییەکان دروست دەبێتەوە.بێگومان کوردستانیش وەکو دەڤەرێکی رووداوگەرمەکان جووجوڵی سیاسی و دیپلۆماسی دەستپێکردنەوە و هەولێری پایتەختیش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پێگەو و کارەکتەرێکی دیار و بەرچاوی هەیە لە هاوکێشە سیاسی و عەسکەرییەکانی دەڤەرەکە و دووبارە هەولێری پایتەخت وەك دۆخی پێشکۆرۆنا بووەوە پێگە و مەیدانی کاری دیپلۆماسی و سیاسی. هەڵبەت سەردانی وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ وڵاتی فەرەنسا و ئێران و فیلەندا بۆ هەولێری پایتەخت لە هەفتەی رابردوودا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن

هەرێمی کوردستان دابڕاو نەبووە لە ئاڵوگۆڕی دیبلۆماسی و پەیوەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بەڵکو کۆرۆنا ئەو دۆخەی سەپاند کە هەموو وڵاتانی سیاسی و عەسکەری و دیپلۆماسی دەڤەرەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرێمی کوردستان هەردەم فاکتەری هێمنی و ئارامی و ئاشتی بووە و هەردەم کوردستان بەشێك بووە لە چارەسەری کێشەکان و هەردەم کوردستان هاوسەنگی سیاسی و دیپلۆماسی لە دەڤەرەکەدا پاراستووە و لە دروستبوونی کێشەو ململانییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا هەمیشە فاکتەری چارەسەری بووە. بۆیە بەهێزی و گرنگی هەرێم چەند پەیوەستە بە پێگە جیۆسیاسێکەیەوە، ئەوەندەش پەیوەستە بە سیاسەتە بێ لایەنەکەیەوە بەرامبەر لایەنەکانی ململانێ لە ناوچەکەو جیهاندا.

هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی عێراقیش هەمیشە جەختی لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان کردۆتەوەو دەستوری عێراقی کردووە بە ناوبژیوان.ئەم سیاسەتە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جێگای ستایشە و هەمیشە بۆ هەر پەیوەندییەکی سیاسی و دیبلۆماسی هەولێر بە گونجاو دەزانن. ئەمەش گەواهی ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتی هەرێمی کورستان زۆرسەرکەوتوو بووە لە خستنەرووی کێشەی سیاسی هەرێمی کوردستان و سەرکەوتوو بووە لە خەباتی دیپلۆماسی.


سلێمان موحسین شارەزا لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان، دربارەی خەباتی دیپلۆماسی و سەنگ و گرنگی هەرێمی کوردستان لە عێراق و دەڤەرەکەدا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

هەموو جۆرە سەردانێك بۆ کوردستان یاخود هەرولاتێك مانای پشتیوانیکردن و دۆستایەتی نییە!، بەڵام دەتوانین سود لە هەموو جۆرە سەردانێك وەربگرین بەتایبەتی هەرێمی کوردستان پێویستیەکی زۆری بە پشتیوانی وڵاتان هەیە بۆ دەربازبوون لەم قۆناغە سەختەی سیاسی و ئابووری. هەفتەی رابردوو لەماوەی چەند ڕۆژێکی کەم، سەرەرای ئەوەی هێشتا کۆرونا لەتەشەنەدایە و کۆتای نەهاتووە ئاستەنگەیەکی گەورەی لەبەردەم پەیوەندیە نیودەوڵەتیەکان دروست کردووە و گەشتی زەوی و ئاسمانیش لەزۆربەی وڵاتان هێشتا ڕاوەستاون، بەڵام ئەو بارودۆخە نەبوەتە ئەگەری ئەوەی ئەم سەردانە گرنگانە ڕابوەستن. بینیمان لەهەفتەیکدا وەزیرانی دەرەوەی هەرسێ وڵاتی فەرەنسا و ئێران و فیلەندا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە هەرێمی کوردستان لەهاوکێشە نیو دەوڵەتیەکاندا مەکانەتێکی دیار و گرنگی هەیە، بەتایبەتی لەدوای ئەو سەرکەوتنە گەورەی هێزی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعش، زۆر جار وڵاتە زلهێزەکان وەك دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستانیان کردووە، هەرئەم پەیوەندی وپێگەی گرنگی هەرێمی کوردستان لەهاوکێشە نیودەوڵەتیەکان ببوونە ئەگەری ئەوەی حکومەتی عێراق پەنا لەبۆ شەڕ ببەن دژی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی دۆزی ڕەوای هەرێمی کوردستان چیدی زیاتر پێشڤەنەچێت. ئەوبوو داستانی پردێ و سحێلا و مەحمودییە دووبارە پەیامێکی لەبۆ جیهان و عێراقیش نارد کە هەرێمی کوردستان چیتر لاواز و بێ دەسەهەڵات نیە و دووبارە بۆتە واقعێك بەهێزتر لەناوچەکە، بۆیە ئەو وڵاتانەی کەنوێنەریان سەردانی عێراق دەکات زۆربەیان ئەبێ سەردانی هەرێمی کوردستانیش بکەن ،


بڵند نەورەس:

بۆ هەر پەیوەندییەکی سیاسی و دیبلۆماسی هەولێر بە گونجاو دەزانن

ناچار بە خۆپارێزییەوەکردچۆن لە ڕابردوودا هەولێر ناوەندی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان و کارەکتەری بەهێزی چارەسەر بووە، لە ئێستاشدا بەهەمان شێوەو لەسەر هەمان بڕواو ریتم بەردەوامە.پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکی پڕ قەیران و ئاڵۆزی سیاسیدایە و هەمیشە بەرکەوتنی هەبووە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندەاوە چ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ. گرنگی هەرێمی کوردستان لە بواری


سلێمان موحسین :

وڵاتە زلهێزەکان وەک دەوڵەت مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن

ئەگەر باسی ئەم هەموو ئاڵوزیانەی عێراق و سوریا وناوچەکە بەگشتی بکەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هەندێك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو دابەشبوون و دروستبوونە و هەندێك وڵاتیش ڕووەو نەمان دەچێت، ئێمەش بەشێکین لەو جوگرافییە، ئەگەر کورد یەکگرتووبن وە بتوانن سود لە و پەیوەندی و سەردانانە ببینن و لوبیەکی زیرەك دروستبکەین دەستکەوتی زۆر گەورە بۆ کوردستانیان بەدەست دێنین.

سەرکردە مێژووکردەکان.. سەرۆك بارزانی وەک نموونە


سووڕە مەرگەیی

لە ڕووی سیاسی و مێژوویییەوە سەرکردەکان دوو جۆرن، جۆری یەکەمیان کە لە ژمارە نایەن ئەو سەرکردانەن کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەردەکەن و بارودۆخێکی تایبەتیش یارمەتیدەرە بۆ دەرکەوتنیان، ئەوانە بە شێوەیکی کاتی دەگەنە کورسی دەسەڵات و بە تێپەڕینی قۆناغەکە و نەمانی کاریگەری بارودۆخەکەش ناویان نامێنێ و دەپووکێنەوە و کاریگەرییان لەسەر ڕووداوەکانیش نامێنێ. جۆری دووەمیان ئەو سەرکردە دەگمەنانەن کە بە هێز و توانای خۆیان دەردەکەون و ڕۆڵیان بە گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان دەبێ و مێژوویەکی پێچەوانەی خواستی دوژمنان بۆ گەلەکەیان دروست دەکەن، ئەوانەش بە هێز و توانا و لێوەشاوەیی خۆیان بە کورسی هەتاهەتایی مێژوو دەگەن، لەم کورتە باسەدا دەمەوێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە بەچی سەرکردە مێژووکردەکان دەناسینەوە؟.


سەرکردە مێژووکردەکان خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیانن و بە لێبڕاوی و لێبوردەیی خۆیان دروست دەبن و دەگەنە کورسی مێژوو، هەر بەو خەسڵەت و تایبەتمەنیانەش دەناسرێنەوە و لەو سەرکردانە جیا دەکرێنەوە کە لە قۆناغێکی دیاریکراو دەردەکەون و هەندێ بارودۆخی تایبەت بۆ زەمەنێکی دیاریکراو دروستیان دەکات.

هەرچی سەرکردە مێژووکردەکانن لەگەڵ ئێش و ئازاری گەلەکەیان دەژین و لە پێناو نەهێشتن و سارێژکردنی ئەو ئێش و ئازارەش ئامادەن هەموو قوربانییەك بە خۆیان بدەن، هیچ هێزێك دەستبەرداری ئامانج و خواستی گەلەکەیان ناکات و هیچ بەرژەوەندییەکیش لەلایان شوێنی بەرژەوەندیی گەلەکەیان ناگرێتەوە، ئەوان بە بڕوای شۆڕشگێڕی و قوربانیدان دەبنە خاوەنی کورسی مێژوو و هیچ هێزێکیش ناتوانێ ئەو کورسییەیان لەژێر دەربێنێ، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە حیسابی تایبەتی لەسەر پێگەی ئەو سەرکردانە دەکرێ و دۆست و دوژمن ناتوانن پشتگوێیان بخەن، جا کورسی دەسەڵاتیان لەژێر بێ یان لەژێر نەبێ.

خاڵێکتر کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە سەرکردە مێژووکردەکان خاوەنی ئیرادەن و سەرکردەی هەموو قۆناغەکانن، هەر بەو ئیرادەیەش ڕووبەڕووی مەترسییەکان دەبنەوە و لە قۆناغە هەستیارەکانیشدا لە بەرپرسیارێتی ڕاناکەن و خۆیان نادەنە دەست قەدەر.

کاتێك دەڵێم: سەرکردە مێژووکردەکان و سەرۆك بارزانیش وەك نموونە، سەرۆك بارزانی ئەو کاتەی سەرۆکی هەرێم و کورسی سەرۆکایەتیی هەرێمی لەژێر بوو، لەگەڵ دەرکەوتنی مەترسییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کورسی سەرۆکایەتی هەرێمی گواستەوە ناو سەنگەرەکانی بەرگری کردن لە کوردستان، کاتێکیش دەڵێم: دۆست و دوژمن ناتوانن ئەو سەرکردانە پشتگوێ بخەن کە خاوەنی کورسی مێژوون، ئەوەتا وەزیری دەرەوەی فەرەنسا وەك دۆست بە چاوی ڕێزەوە سەیری سەرۆك بارزانی دەکات، وەزیری دەرەوەی ئێرانیش وەك دەرگای دۆستایەتی و هەماهەنگی دەکاتەوە و وەزیری دەرەوەی فیلەندیش پشتیوانی و هاوکاری خۆی بۆ هەرێمی کوردستان ڕادەگەیێنێت.

خواکورکی داستان و نەبەردی


ئەسرین عاسی شوانی

ئەگەر بگەڕێینەوە و ساتێك لە مێژووی پڕشکۆی پێشمەرگە و گەلەکەمان بڕوانین لەو داستانانەی کە تۆماری کردوون، ئەوکات گەورەیی پێشمەرگە و خۆڕاگریی خەڵکی تێکۆشەری گەلی کورد دەبێتە مێژوویەکی پڕمانا و کە نەك کورد سەرجەم جیهانی مرۆڤایەتی دەبێت شانازی پێوە بکەن.

گەر بە چاوێکی ڕوون لە دەستەبژێری داستانەکان خواکورك بڕوانین، ئەوکات گەورەیی پێشمەرگە و ڕابەرایەتی کردنی داستانەکە و بوێری و وەرەی لەبەزین نەهاتوو پێمان دەڵێت کە گەلی کورد تا خاوەنی ئەو گیان لەسەردەستانە بێت هەرگیز ناکەوێت، ڕۆژ دوای ڕۆژ هەنگاوەکانی لە سەرکەوتنی یەکجارەکی نزیك دەبێتەوە، چونکە سەرۆکێك کە هەمیشە وەك سادەترین پێشمەرگە لە سەنگەری هاوڕێکەی بێت و ژیان و گوزەرانی وەك هاوسەنگەرەکەی بگوزەرێنێت چۆن دوژمن زاتی ئەوە دەکات پیرۆزی خاکی کوردستان گڵاو بکات، کاتێ کە پێشمەرگەی کوردستان و سەرۆك دەبینرێن وەکو تاوێرە سەرسەختەکانی خواکورك بەرامبەر دوژمنان چەقیون کە نەیارترین سوپای درندە نەتوانێت چۆکیان پێدا بدا، بۆ دەبێ داستانی خواکورك نەبێتە ئەفسانە و نەوە دوای نەوە چیرۆکی قارەمانی نەگێڕدرێتەوە و نەبێتە وێردی سەر زوبان.

بەڵێ ئەو نەبەردییەی کە چل و پێنج ڕۆژی خایاند، دوژمن بە هەموو جۆرە چەکێك و پێشکەوتووترین تەکنەلۆجیای سەربازی ئەو سەردەمە پەلامارەی پێشمەرگەی ماندوو و برسی و کەم چەك و تەقەمەنی دا و لە ئاست وەرەی پێشمەرگە شکستێکی گەورەی خوارد. ئەم داستانە ئەگەر گوڵ بژێری داستانەکان نەبێت چی ناو دەنێن، کە ڕژێمی بەعس بە هێزێکی زۆر و زەوەندەوە لە 19/7/1988 بەبەردەوامی درێژەی بە پەلامارە چڕەکەی دا تا 28/8/1988. جگە لە شکستێکی گەورە و بەجێمانی دەیان لاشە و گرتنی دیل و جێهێشتنی چەك و تەقەمەنییەکی زۆر و بەرزبوونەوەی وەرەی پێشمەرگە بە قەت چیای خواکورك، تومارکردنی گەورەترین سەروەری لە مێژووی شۆڕشی کوردایەتی کە بە خوێنی گەشی سوورئاڵی 28 پێشمەرگە و برینداربوونی 1964 کەس و 60 برینداری چەکی کیمیاوی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە وەرەی پێشمەرگە و سەرکردە و ڕابەرەکەی ئەوەندە تۆقێنەر بوو بۆ دوژمن تەنانەت پەنایان بردە بەر چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی تا کیمیاباران پێشمەرگەی پێ بکات، هەزار سڵاو بۆ ڕوحی شەهیدە سەربەرزەکانی داستانی خواکورك و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان، دەمەوێت ئەوە بەپێشمەرگە بڵێم، گەلی کورد تا ئێوەی هەبێت وەك گەلێکی پۆڵایین دەمێنێتەوە و ناسڕێتەوە.



خاك و نەوت و كەركووك... ئاریشە نەبڕاوەكەی گەلی كورد

گورزە كەمەرشكێنەكانی پێشمەرگە لە ئابووریی رژێم لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا

كۆمپانیا و كێڵگە نەوتییەكان بە نموونە

زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

بەشی (2)

لێرەدا باس لە چەند بەرنامەڕێژییەكی تۆكمەی سەركردایەتیی شۆڕش لە داستانە مەزنەكانی پێشمەرگە و زیان پێگەیاندنی بە كۆمپانیا نەوتییەكانی رژێم و شكستپێهێنان بە سیاسەتی ئاسایش و ئابووریی عێراق، هەروەها شكستپێهێنان بە سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەكانی كوردستان، لەلایەن پێشمەرگەكانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەكەین، كە لەو ساتەوەختەدا دەنگدانەوەیەكی میدیایی جیهانیی هەبووە و كێشەی كوردی بردووەتە قۆناغێكی نوێوە.

كردەوەكەی زەمبوور:
لە كردەوەكەی زەمبووردا رۆژی شەهید (محەمەد دەرویش نادر)، نموونەیی بوو

لە لاپەڕە 191 و 198ی پەرتووكی (بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی كورد) بەرگی سێیەم، شۆڕشی ئەیلوولدا، مەسعود بارزانی دەنووسێت: "ساڵی 1965 و ساڵی دواتر، لە ساڵە تاڵ و قورسەكانی تەمەنی شۆڕشن، لەم ساڵەدا زۆر شەڕی سەخت رووی داوە و سەركەوتنی مەزنیش وەدەست هاتووە، هەر لەم ساڵەدا سەركردایەتیی شۆڕش لە ناوچەی پشدەرەوە گواستییەوە بۆ ناوچەی باڵەك و كردی بە بارەگای خۆی تا نسكۆی 1975، پاش برانی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حكوومەت، هەردوولا خۆیان ئامادە دەكرد بۆ دەستپێكردنەوەی شەڕ، مەبەست لەم كردەوەگەلە، یەكەم: پارچە پارچەكردنی هێزە نیزامییەكان و ناچاركردنی سەركردایەتییەكانیان بوو، كە بە ناوچەگەلێكی بەربڵاو لەیەك تەراكەوتوودا بڵاوەیان لێ بكەن و نەهێڵن لەیەك بەردا كۆبكرێنەوە. دووەمیش: هەڕەشەكردن بوو لە ئابووریی حكوومەت، بە لێدانی دامەزراوەكانی نەوت، بە مەبەستی ناچاركردنی حكوومەت، كە هێزێكی پاریزگاریی گەورە بۆ ئەو دامەزراوانە تەرخان بكات و وەك ترساندنێكی كۆمپانیاكانی نەوتی عێراقیش وابێت. مەفرەزەیەك پێشمەرگە بە سەركردایەتیی (محەمەد دەرویش نادر)، بە دزە دزە خۆی گەیاندە دامەزراوەكانی نەوتی زەمبوور و لێیان دا، ئەم كردەوەگەلە كارێكی گەورەی كردە سەر بەغدا و حكوومەتی ناچار كرد دوو فەوج سەرباز و نزیكەی هەزار جاش لە مەیدانی شەڕەوە راكێشێتەوە و تەرخانیان بكا بۆ پاریزگاریی ئەو دامەزراوانە، هەروەها جیاواز لەو نووسراوەی سەرۆك بارزانی.

رەنگدانەوەی داستانەكە لە كتێبی (سیمای شەهید محەمەد دەرویش نادر- لە ئاگری زەمبووردا)؛

رەنگدانەوەی تەواوی كردەوەكەی زەمبوور و تۆماركردنی ئەو داستانە كەموێنەییە و چۆنیەتیی دارشتنی پلان و بەرنامەڕێژییەكە و ناوی تەواوی پێشمەرگە بەشداربووەكان و زۆر شتی دیكە، لە دووتوێی پەرتووكێكی سیاسیی گرنگ و بەنرخ، بەناوی: (سیمای شەهید محەمەد دەرویش نادر- لە ئاگری زەمبووردا)، كە لەلایەن نووسەری بەئەزموون و چالاك (ساسان دەرویش) نووسراوە، كە ناوبراو كوڕی (شەهید محەمەد دەرویش نادرە)، تۆمار كراون. ئەم پەرتووكە لە ساڵی (1993) ئامادە كراوە و لە ساڵی (1995) لە شاری دهۆك چاپ كراوە، لە بڵاوكراوەكانی (مەكتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموكراتی كوردستان)ە، سەرۆك مەسعود بارزانی پێشەكیی بۆ ئەم كتێبە نووسیوە.

هاوكات ئەم بەرهەمە باسێكی گرنگی ژیان و سەربوردەی شەهیدی ناوبراو و یادگاریی هاوڕێ خەباتگێڕەكانی و لێكۆڵینەوەیەكی گەورەی داستانەكەی زەمبوور و شۆڕشی ئەیلوول و كۆمەڵێك وێنە و بەڵگەنامە دەگرێتە خۆی، كە ڕێبازی بارزانیی نەمر و پارتی دیموكراتی كوردستان و ئامانجەكانییەتی، هەروەها بووەتە سەرچاوەگەلێكی گرنگ و سوودبەخش بۆ زۆر لایەنی دیكۆمێنتاری لەسەر شۆڕشی ئەیلوول و یاد و داستانەكان.


سەرۆك بارزانی پێشەكی بۆ كتێبی (سیمای شەهید محەمەد دەرویش نادر- لە ئاگری زەمبوور)دا دەنووسێت:

نووسەر كتێبەكەی زۆر شارەزایانە دابەش كردووە بۆ نۆ بەشی پڕ بایەخ و سەرنجڕاكێش بە بابەتە بەپێز و بەنرخەكانی، لە پێشەكیی كتێبەكەدا، بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان لە بەرواری 12/10/1995 چەند وتەیەكی بەنرخی بۆ كردووەتە دیاری و لە پێشەكیی كتێبەكەدا وەك هەڵسەنگاندنێكی كتێبەكە، ڕۆڵی ساسان دەرویش بەرز دەنرخێنێ و ئاماژە بە ڕۆڵی لێهاتوویی شەهید محەمەد دەرویش نادر و هەڤاڵەكانی دەكا و داستانی زەمبووریش بە هێمای گەشی داستانەكان دەناسێنێت، سەرۆك لە دڕێژەی وتەكانیدا بە سێ خاڵی گرنگ ئاماژەی پێداوە و مافی تەواوی داوەتێ.

سەرۆك بارزانی دەنووسێت: " كاك ساسان سێ كاری چاكی لەم كتێبەدا ئەنجام داوە،

یەكەم: ڕەنجی كێشاوە و كۆمەڵێك زانیاری و بەڵگەنامەی گرنگی كۆ كردووەتەوە، كە هیچ نەبێ تیشك دەخاتە سەر چەندین لایەنی ژیان و باری سیاسیی سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، تا داستانی گەورەی (زەمبوور) لە 1965دا.

دووەم: داستانێكی زیندوو كردووەتەوە، كە یەكێكە لە هێما گەشەكانی شۆڕشی ئەیلوول و گشت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەتایبەتی، كە داستانی پێشمەرگەیە و بەندە بە بیرەوەری و پێداویستییەكان، ئەمانەشمان بۆ دابین كرا و كەوتینە ڕێ بەرەو قوولایی دۆزمن، تا ئەوەندەی هێزی پێشمەرگەمان شك ئەبرد پرس و ڕامان لە ناوچەكە و ڕێگاوبان پێ ئەكردن و لەسەر زانیاریی ئەوان ئەڕۆیشتین، لەدوای چەند ڕۆژێ، شەوگارێكی دڕەنگ گەیشتینە زنجیرە بەرزاییەكانی، كە ئەپڕوانی بەسەر زەمبوور و پێ دەشتەكانی بەردەمیدا، چەند سەعاتە ڕێیەكی دەما بۆ ئەو بۆڕییانەی لە چاڵەكانەوە، واتە لە محەتەی زەمبووڕەوە نەوتیان پێدا تێ ئەپەڕی. ناوچەكە هێزێكی زۆری دۆزمنی تیابوو، بەتایبەتی دەوروبەری خودی كۆمپانیاكە (شریكەكە) و گرد و تەپۆڵكەكانی دەوروبەری، كە هەمووی كرابووە ڕەبیەی جاش و سەربازی و مۆڵگە، هەندێ زانیاریان وەچنگ كەوت، پاشان خۆمان حەشاردا و چاوەڕوانی شەوی ئاینده بووین، جێگەكەمان زۆر مەترسی بوو، بەڵام پەیتا پەیتا وڕەی هەڤاڵەكانم جۆش ئەدا و ئەم ئەدان، بەپەڕۆشەوە چاوەڕوانی شەوی دەستبەكاربوون بووین". لە دڕێژەی باسەكەیدا محەمەد دەرویش نادر دەڵێت: "بەڵێ، ئەو ڕۆژە سێ كاری گرنگ دەستنیشان كران و لەناو خۆماندا دابەش بووین بۆ ئەنجامدانی كارەكان، تەقاندنەوەی بۆڕییەكانی نەوت و غازەكان و هەروەها تەقاندنەوە و شكاندنی پردی شەمەندەفەری سلێمان بەگ و قرتاندنی هێڵی تەلەفۆنی گشتیی نێوان كۆمپانیاكە و دەوروبەری بوو، شەوی یەكەم هەرچۆنێك بێت شوێنەكانمان دۆزییەوە و دیاریمان كرد، بە رادەیەكی زۆر ماندوو بووبووین و گەڕاینەوە شوێنی خۆمان و خۆمان حەشاردا، تا شەوی داهاتوو دەستمان كرد بە ئەنجامدانی داستانەكە لە 21/7/1965، كە ئەو شەوەش دوای ئەنجامدانی ئەو چالاكییە زوو هاتینە خوارێ بۆ ناو كێڵگەكان و بەستنی دینامێتەكان لە بۆڕییەكان و سكەی شەمەندەفەرەكە، كە دەبوو لەیەك كاتدا بتەقنەوە، بەجێمان هێشتن، كاتێك نزیكی ڕۆژئاوابوون بووین، گوێبیستی دەنگ و سەدای بووین و خۆمان گەیاندە بەرزاییەكان، لە هەر چوار لاوە ئاگر بەرز ئەبووە، كاتێك دوژمن پێی زانین فڕۆكەی بۆ هەستاندین، بەداخەوە ئەو هێستەرەی شتومەكەكانی هەڵگرتبوو كوشتی و لەتوپەت بوو، لەگەڵ دەلیلەكەمان بە بۆمبی فڕۆكە شەهید بوو، ئێمەش دەرباز بووین. كە سەرئەنجام زۆر سەركەوتووانە كارەكەمان بە ئەنجام گەیاند و زەبری كوشندەمان لە دوژمندا، لە هەمان كاتیشدا دەنگ و سەدای پێشمەرگە گەیشتە دنیای دەرەوە، ئەم داستانە و داستانەكانی پێشتر و دواتریش بووە هۆی شكستی ئاسایش و سەربازی و ئابووری و پاراستنی كۆمپانیا بیانییەكان و ئۆبالەكەیشی كەوتە ئەستۆی حكوومەتی عێراق و كاردانەوەیەكی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا و دەنگدانەوەیەكی ئیعلامیی گرنگی هەبوو".



شەهیدی نەمر محەمەد دەرویش نادر

لە دووتوێی كتێبەكەدا ناوی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی بەشدار بوون، بەم جۆرە تۆمار كراوە:

ئەمەش ناوی ئەو قارەمانانەیە، كە تۆمارگەری ئەم داستانە مێژوویین: "شەهیدی نەمر محەمەد دەرویش نادر- فەرماندەی شەهیدی نەمر جەزای عەلی كاتب- برای شەهیدی نەمر جەلال ڕەشید ئەحمەد ئاغا چاوبڕكانی ئاسكانی ناسراو بە جەلال چاوشین، هەڤاڵ محەمەد حاجی عەبدوڵڵا- ئێستا لە ژیاندا ماوە، شەهیدی نەمر حەمە سەعید قادر منەوەر، شەهیدی نەمر حەمە كاسترۆ، كوڕی وەستا عەبدوڵڵای قانوونبەنا.

شەهیدی داستانەكە زۆر بەداخەوە كاتی خۆی ناوی تۆمار نەكراوە، لەبەر نهێنی پاراستنی ژیانی".

ئەمەش ناوی ئەو قارەمانانەیە، كە تۆمارگەری ئەم داستانە مێژوویین:

"شەهیدی نەمر محەمەد دەرویش نادر- فەرماندەی شەهیدی نەمر جەزای عەلی كاتب- برای شەهیدی نەمر جەلال ڕەشید ئەحمەد ئاغا چاوبڕكانی ئاسكانی ناسراو بە جەلال چاوشین، هەڤاڵ محەمەد حاجی عەبدوڵڵا- ئێستا لە ژیاندا ماوە، شەهیدی نەمر حەمە سەعید قادر منەوەر، شەهیدی نەمر حەمە كاسترۆ، كوڕی وەستا عەبدوڵڵای قانوونبەنا.

شەهیدی داستانەكە زۆر بەداخەوە كاتی خۆی ناوی تۆمار نەكراوە، لەبەر نهێنی پاراستنی ژیانی".



زانراوە و بەڵگەنامەی گرنگی كۆ كردووەتەوە، كە هیچ نەبێ تیشك دەخاتە سەر چەندین لایەنی ژیان و باری سیاسیی سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، تا داستانی گەورەی (زەمبوور) لە 1965دا.

دووەم: داستانێكی زیندوو كردووەتەوە، كە یەكێكە لە هێما گەشەكانی شۆڕشی ئەیلوول و گشت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد، بەتایبەتی، كە داستانی پێشمەرگەیە و بەندە بە بیرەوەری و پێداویستییەكان، ئەمانەشمان بۆ دابین كرا و كەوتینە ڕێ بەرەو قوولایی دۆزمن، تا ئەوەندەی هێزی پێشمەرگەمان شك ئەبرد پرس و ڕامان لە ناوچەكە و ڕێگاوبان پێ ئەكردن و لەسەر زانیاریی ئەوان ئەڕۆیشتین، لەدوای چەند ڕۆژێ، شەوگارێكی درەنگ گەیشتینە زنجیرە بەرزاییەكانی، كە ئەپڕوانی بەسەر زەمبوور و پێ دەشتەكانی بەردەمیدا، چەند سەعاتە ڕێیەكی دەما بۆ ئەو بۆڕییانەی لە چاڵەكانەوە، واتە لە محەتەی زەمبووڕەوە نەوتیان پێدا تێ ئەپەڕی. ناوچەكە هێزێكی زۆری دۆزمنی تیابوو، بەتایبەتی دەوروبەری خودی كۆمپانیاكە (شریكەكە) و گرد و تەپۆڵكەكانی دەوروبەری، كە هەمووی كرابووە ڕەبیەی جاش و سەربازی و مۆڵگە، هەندێ زانیاریان وەچنگ كەوت، پاشان خۆمان حەشاردا و چاوەڕوانی شەوی ئاینده بووین، جێگەكەمان زۆر مەترسی بوو، بەڵام پەیتا پەیتا وڕەی هەڤاڵەكانم جۆش ئەدا و ئەم ئەدان، بەپەڕۆشەوە چاوەڕوانی شەوی دەستبەكاربوون بووین". لە دڕێژەی باسەكەیدا محەمەد دەرویش نادر دەڵێت: "بەڵێ، ئەو ڕۆژە سێ كاری گرنگ دەستنیشان كران و لەناو خۆماندا دابەش بووین بۆ ئەنجامدانی كارەكان، تەقاندنەوەی بۆڕییەكانی نەوت و غازەكان و هەروەها تەقاندنەوە و شكاندنی پردی شەمەندەفەری سلێمان بەگ و قرتاندنی هێڵی تەلەفۆنی گشتیی نێوان كۆمپانیاكە و دەوروبەری بوو، شەوی یەكەم هەرچۆنێك بێت شوێنەكانمان دۆزییەوە و دیاریمان كرد، بە رادەیەكی زۆر ماندوو بووبووین و گەڕاینەوە شوێنی خۆمان و خۆمان حەشاردا، تا شەوی داهاتوو دەستمان كرد بە ئەنجامدانی داستانەكە لە 21/7/1965، كە ئەو شەوەش دوای ئەنجامدانی ئەو چالاكییە زوو هاتینە خوارێ بۆ ناو كێڵگەكان و بەستنی دینامێتەكان لە بۆڕییەكان و سكەی شەمەندەفەرەكە، كە دەبوو لەیەك كاتدا بتەقنەوە، بەجێمان هێشتن، كاتێك نزیكی ڕۆژئاوابوون بووین، گوێبیستی دەنگ و سەدای بووین و خۆمان گەیاندە بەرزاییەكان، لە هەر چوار لاوە ئاگر بەرز ئەبووە، كاتێك دوژمن پێی زانین فڕۆكەی بۆ هەستاندین، بەداخەوە ئەو هێستەرەی شتومەكەكانی هەڵگرتبوو كوشتی و لەتوپەت بوو، لەگەڵ دەلیلەكەمان بە بۆمبی فڕۆكە شەهید بوو، ئێمەش دەرباز بووین. كە سەرئەنجام زۆر سەركەوتووانە كارەكەمان بە ئەنجام گەیاند و زەبری كوشندەمان لە دوژمندا، لە هەمان كاتیشدا دەنگ و سەدای پێشمەرگە گەیشتە دنیای دەرەوە، ئەم داستانە و داستانەكانی پێشتر و دواتریش بووە هۆی شكستی ئاسایش و سەربازی و ئابووری و پاراستنی كۆمپانیا بیانییەكان و ئۆبالەكەیشی كەوتە ئەستۆی حكوومەتی عێراق و كاردانەوەیەكی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا و دەنگدانەوەیەكی ئیعلامیی گرنگی هەبوو".

لە دووتوێی كتێبەكەدا ناوی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی بەشدار بوون، بەم جۆرە تۆمار كراوە:

ئەمەش ناوی ئەو قارەمانانەیە، كە تۆمارگەری ئەم داستانە مێژوویین: "شەهیدی نەمر محەمەد دەرویش نادر- فەرماندەی شەهیدی نەمر جەزای عەلی كاتب- برای شەهیدی نەمر جەلال ڕەشید ئەحمەد ئاغا چاوبڕكانی ئاسكانی ناسراو بە جەلال چاوشین، هەڤاڵ محەمەد حاجی عەبدوڵڵا- ئێستا لە ژیاندا ماوە، شەهیدی نەمر حەمە سەعید قادر منەوەر، شەهیدی نەمر حەمە كاسترۆ، كوڕی وەستا عەبدوڵڵای قانوونبەنا، شەهیدی داستانەكە زۆر بەداخەوە كاتی خۆی ناوی تۆمار نەكراوە، لەبەر نهێنی پاراستنی ژیانی".

شەهید محەمەد دەرویش نادر باس لە دوا ساتی بینینی بارزانیی نەمر دەكا و دەڵێت: " لەدوای ئەنجامدانی كارەكە بەسەركەوتوویی، دوای چەند ڕۆژێ گەیشتینەوە بارەگای بارزانی، گەرچی لەوەوبەر بە بڕووسكە لە هێزەكانەوە ئاگادار كرابووەوە، كە گەڕاینەتەوە و شەهیدێكیان هەیە و سەركەوتنەكەشی لە ڕێكخستنەكان و ئاژانسی دەنگوباسەكانەوە بیستبوو و سوپاس و ستایشێكی زۆری كردین، كە دواجار ناردی 3 برێزی وەسەت و دەمانچەیەكی سمیسیان بۆ هێنام، كە دەمانچەكە خۆی فەرمووی 4 چوار دانە لە كوردستاندا هەیە و پێم خۆشە ئەمانەش بەدیاری قبوڵ بكەن، ئەو سەردەمە زۆربەی كوردپەروەرانی ئەم وڵاتە بە ئاواتی بینینی ساتەوەختێكی بارزانیی نەمر بوون، بەڵام دیار بوو ئەنجامی كارەكەمانی زۆر لاپەسەند بوو، ئەو كارەی ئێمەش بووە هێمایەكی گەشی شۆڕشی ئەیلو".

ئەیانبەم تا نزیكی شوێنەكە و نزیك بە بەرنامە و پلانەكە، لەسەر فەرموودەی جەنابت پێیان ناڵێم و ئاشكرای ناكەم، كە بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە ئەچین، واتە نهێنی دەبێ تا گەیشتنمان بە شوێنی مەبەست". ئینجا دەڵێت: "ئێوە بفەرموون پێداویستەكانمان بدەنێ و نامەشمان بدەنێ بۆ ئەو هێزانەی لەسەرە ڕێدان هاوكاریی تەواومان بكەن و لە كاتی پێویستدا یارمەتیمان بدەن.

بۆ ڕۆژی دواتر پێداویستەكانمان وەرگرت و لە دڵەوە خواحافیزیم لە سەرۆك مستەفا بارزانی كرد و بارەگای بارزانییان بەجێ هێشت و بەرە و گەرمیان سنووری چالاكییەكە كەوتینە ڕی، هەڤاڵەكانم جگە لەوەی من لێپرسراویان بووم، لەنزیكیشەوە براەدرم بوون و ڕێزێكی زۆر لەنێوانماندا هەبوو، ئێمە حەوت كەس بووین، دیاربوو لەبەر ئەوەی نامەی تایبەتیی بارزانییان پێ بوو، ناوچە بە ناوچە و هێز بە هێز بە ڕێزێكی زۆرەوە میواندارییان ئەكردین و بەڕێیان ئەكردین، تا گەیشتینە ناوچەی قەرەداغ. لەوێشەوە بەرەو ناوچەی گەرمیان، پلانەكەم بۆ هەڤاڵانم ئاشكرا كرد، لەبەر ئەوەی نزیك بوویندە لە دۆزمن، پێویستیان بە چاوساغی ڕێگا و وڵاخێك هەبوو بۆ هەڵگرتنی كەرەستە و پێداویستییەكان، ئەمانەشمان بۆ دابین كرا و كەوتینە ڕێ بەرەو قوولایی دۆزمن، تا ئەوەندەی هێزی پێشمەرگەمان شك ئەبرد پرس و ڕامان لە ناوچەكە و ڕێگاوبان پێ ئەكردن و لەسەر زانیاریی ئەوان ئەڕۆیشتین، لەدوای چەند ڕۆژێ، شەوگارێكی درەنگ گەیشتینە زنجیرە بەرزاییەكانی، كە ئەپڕوانی بەسەر زەمبوور و پێ دەشتەكانی بەردەمیدا، چەند سەعاتە ڕێیەكی دەما بۆ ئەو بۆڕییانەی لە چاڵەكانەوە، واتە لە محەتەی زەمبووڕەوە نەوتیان پێدا تێ ئەپەڕی. ناوچەكە هێزێكی زۆری دۆزمنی تیابوو، بەتایبەتی دەوروبەری خودی كۆمپانیاكە (شریكەكە) و گرد و تەپۆڵكەكانی دەوروبەری، كە هەمووی كرابووە ڕەبیەی جاش و سەربازی و مۆڵگە، هەندێ زانیاریان وەچنگ كەوت، پاشان خۆمان حەشاردا و چاوەڕوانی شەوی ئاینده بووین، جێگەكەمان زۆر مەترسی بوو، بەڵام پەیتا پەیتا وڕەی هەڤاڵەكانم جۆش ئەدا و ئەم ئەدان، بەپەڕۆشەوە چاوەڕوانی شەوی دەستبەكاربوون بووین". لە دڕێژەی باسەكەیدا محەمەد دەرویش نادر دەڵێت: "بەڵێ، ئەو ڕۆژە سێ كاری گرنگ دەستنیشان كران و لەناو خۆماندا دابەش بووین بۆ ئەنجامدانی كارەكان، تەقاندنەوەی بۆڕییەكانی نەوت و غازەكان و هەروەها تەقاندنەوە و شكاندنی پردی شەمەندەفەری سلێمان بەگ و قرتاندنی هێڵی تەلەفۆنی گشتیی نێوان كۆمپانیاكە و دەوروبەری بوو، شەوی یەكەم هەرچۆنێك بێت شوێنەكانمان دۆزییەوە و دیاریمان كرد، بە رادەیەكی زۆر ماندوو بووبووین و گەڕاینەوە شوێنی خۆمان و خۆمان حەشاردا، تا شەوی داهاتوو دەستمان كرد بە ئەنجامدانی داستانەكە لە 21/7/1965، كە ئەو شەوەش دوای ئەنجامدانی ئەو چالاكییە زوو هاتینە خوارێ بۆ ناو كێڵگەكان و بەستنی دینامێتەكان لە بۆڕییەكان و سكەی شەمەندەفەرەكە، كە دەبوو لەیەك كاتدا بتەقنەوە، بەجێمان هێشتن، كاتێك نزیكی ڕۆژئاوابوون بووین، گوێبیستی دەنگ و سەدای بووین و خۆمان گەیاندە بەرزاییەكان، لە هەر چوار لاوە ئاگر بەرز ئەبووە، كاتێك دوژمن پێی زانین فڕۆكەی بۆ هەستاندین، بەداخەوە ئەو هێستەرەی شتومەكەكانی هەڵگرتبوو كوشتی و لەتوپەت بوو، لەگەڵ دەلیلەكەمان بە بۆمبی فڕۆكە شەهید بوو، ئێمەش دەرباز بووین. كە سەرئەنجام زۆر سەركەوتووانە كارەكەمان بە ئەنجام گەیاند و زەبری كوشندەمان لە دوژمندا، لە هەمان كاتیشدا دەنگ و سەدای پێشمەرگە گەیشتە دنیای دەرەوە، ئەم داستانە و داستانەكانی پێشتر و دواتریش بووە هۆی شكستی ئاسایش و سەربازی و ئابووری و پاراستنی كۆمپانیا بیانییەكان و ئۆبالەكەیشی كەوتە ئەستۆی حكوومەتی عێراق و كاردانەوەیەكی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا و دەنگدانەوەیەكی ئیعلامیی گرنگی هەبوو".

لە دووتوێی كتێبەكەدا ناوی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی بەشدار بوون، بەم جۆرە تۆمار كراوە:

ئەمەش ناوی ئەو قارەمانانەیە، كە تۆمارگەری ئەم داستانە مێژوویین: "شەهیدی نەمر محەمەد دەرویش نادر- فەرماندەی شەهیدی نەمر جەزای عەلی كاتب- برای شەهیدی نەمر جەلال ڕەشید ئەحمەد ئاغا چاوبڕكانی ئاسكانی ناسراو بە جەلال چاوشین، هەڤاڵ محەمەد حاجی عەبدوڵڵا- ئێستا لە ژیاندا ماوە، شەهیدی نەمر حەمە سەعید قادر منەوەر، شەهیدی نەمر حەمە كاسترۆ، كوڕی وەستا عەبدوڵڵای قانوونبەنا، شەهیدی داستانەكە زۆر بەداخەوە كاتی خۆی ناوی تۆمار نەكراوە، لەبەر نهێنی پاراستنی ژیانی".

شەهید محەمەد دەرویش نادر باس لە دوا ساتی بینینی بارزانیی نەمر دەكا و دەڵێت: " لەدوای ئەنجامدانی كارەكە بەسەركەوتوویی، دوای چەند ڕۆژێ گەیشتینەوە بارەگای بارزانی، گەرچی لەوەوبەر بە بڕووسكە لە هێزەكانەوە ئاگادار كرابووەوە، كە گەڕاینەتەوە و شەهیدێكیان هەیە و سەركەوتنەكەشی لە ڕێكخستنەكان و ئاژانسی دەنگوباسەكانەوە بیستبوو و سوپاس و ستایشێكی زۆری كردین، كە دواجار ناردی 3 برێزی وەسەت و دەمانچەیەكی سمیسیان بۆ هێنام، كە دەمانچەكە خۆی فەرمووی 4 چوار دانە لە كوردستاندا هەیە و پێم خۆشە ئەمانەش بەدیاری قبوڵ بكەن، ئەو سەردەمە زۆربەی كوردپەروەرانی ئەم وڵاتە بە ئاواتی بینینی ساتەوەختێكی بارزانیی نەمر بوون، بەڵام دیار بوو ئەنجامی كارەكەمانی زۆر لاپەسەند بوو، ئەو كارەی ئێمەش بووە هێمایەكی گەشی شۆڕشی ئەیلو".

ووڵ بوون
پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٢٣٧٢٨٩) بەرواری ٢٠١٨/٦/٢٧ بەبری ٥٠٠,٠٠٠ بەناوی امداد عبدالله صادق وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
پسوولەی شارەوانی (٤) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٢٦١٤٠٢) بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٤ بەبری ١١٣٠٠٠٠ بەناوی نصرالدین مولود حسن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
پسوولەی شارەوانی (بەحرکە) ژمارەی پسوولە (٠٦٥٨٣٢٥) بەرواری ٢٠١٥/١١/١ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی بدیعە سلیمان خضر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
پسوولەی شارەوانی (٤) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٢٦١٤٠٣) بەرواری ٢٠١٩/٧/٢٤ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی نوری مولود حسن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
ووڵ بوون
پسوولەی شارەوانی (عەنکاوە) ژمارەی پسوولە (٠٦٢٤٨٥٦) بەرواری ٢٠١٨/٦/٢٥ بەبری ١٥٥٦٠٠٠ بەناوی لهیب داود حنا وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
***
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو : سعدو رشو يونس
للطلب المقدم من قبل المستدعي (خلف رشو يونس) المتضمن نصبه قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٥٧٦٠/ش٢٠١٩/٢
رێکەوت:٢٠٢٠/٧/٢٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (فراس جبار عباس)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (شیهاء داود رشید) داوای ژمارە (٥٧٦٠/ش٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق بسبب هجر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ ئازادی) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٨/٢٥, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسین کریم
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٧١٧/ب/٤/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٧
جاردان
بۆ داوالێکراو (منصور علی پور)
داواکاران (صامد و سربست و ماهر و سەرهنگ و سالار و سائر مندالانی نامق خورشید) داوای ژمارە (٧١٧/ب/٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆماریان کردووە لەسەرت و تیایدا داوای (چۆڵکردنی شوقەی دروستکراو لەسەر زەوی ژمارە ٥٤٦/٨٣ کەرتی عرب دەکەن وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر- گەرەکی عرب) لەبەروارى ٢٠٢٠/٧/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٠ بەپێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت خۆت یان بریکاری یاسایت لەم دادگایە لەدادبینی رۆژی ١٧/٨/٢٠٢٠ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین
***
دادگای باری کەسی لە خەبات
ژمارە: ١٩٠/ش/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٧
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (مروة حازم محمود)
ئامازە بە داوای ژمارە (١٩٠/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (لازم محمد صالح) دادگا لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٦ بریاری دا بە (تثبیت حضانة) لە نێوان تۆ و هاوسەرەکەت بەناوی (لازم محمد صالح) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریار درا بەپێراگەیاندنت بە دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوە و نارەزایت هەیە لەماوەی ١٠ رۆژ لە پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ مسعود سعید صدیق
***
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ئابووری و گرێبەستەکان
بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە/ ٢٩٨٧
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٦
ئاگاداری
کەمگری نهێنی ژمارە (٢٠٢٠/٢)
وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی کەمگری (نهێنی) بۆ مەبەستی گواستنەوەی بری دیاریکراوی نەوتی ڕەش لە پاڵاوتگەی نەوتی کەلەك/ پارێزگای هەولێر بۆ وێستگەی کارەبای ٥١ مێگاواتی تاسلوجە/ پارێزگای سلێمانی، بەپێی یاسا رادەگەینێ جا هەرکۆمپانیایەك کە ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەم کەمگری یە باسەردانی دیوانی وەزارەت/ بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بکات بۆ کڕینی تەندەر، وە دواکات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان رۆژی (سێ شەممە) رێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١١ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:
١- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو مۆڵەتی کۆمپانیای لە هەرێم پێشکەش بکات.
٢- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پۆڵینی بەڵێندەرایەتی پلە یەك بێت یاخوود مۆڵەتی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان یان بازرگانی گشتی هەبێت.
٣- کۆمپانیا پێویستە بەڵگەی تایبەت بە کاری هاوشێوە لەبواری سووتەمەنی پێشکەش بکات.
٤- کۆمپانیا پێویستە پشتگیری باجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠٢٠ پێشکەش بکات.
٥- کردنەوەی تەندەر لەدیوانی وەزارەت دەبێت.
٦- نرخی تەندەر (٦٥٠,٠٠٠) شەش سەدو پەنجا هەزار دیناری عیراقی یە کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٧- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٨- خەرجیەکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کەمگری یەکەی بۆ دەردەچێت.
ل. وەزیری سامانە سروشتییەکان
بەوەکالەت
***
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/٢٢٩/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/٢٠٢٠/٧/٢٧
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (رزکار عثمان عبدالقادر) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠٢٠/٧/١٣ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (هەلبین کمال عبدالقادر) بریاردا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یێ داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە٠ روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژیا وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٢٣٥/ش/٢٠٢٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٧/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (محمد معروف ابراهیم) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (نسرین محمد أمین حسین) داوای ژمارە (٢٣٥/ش/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (بژێوی) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی راپەرین) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٨/٢٣ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسین کریم
***
دادگەها کەتن سێمێل
ژمارە/١٦٣/کەتن/٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢١
ئاگاهداری
بۆ تۆمەتبارێ رەڤی محمد معین مهدی
دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ٦١/اساس/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهی پولیسێن سێمێل ل دیڤ بەندێ ٢ ژ یاسا سالا ٢٠٠٨ ژبەر کو جهێ ئاکنجیبوونا تە نەیێ دیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕیکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠٢٠/٨/٢٥ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشملە (غیابی) ل دویف یاسایێ.
دادوەر/ بیان ادیب رشید
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/ ٤٣٩/ش/٢٠١٩
رێکەفت/٢٠٢٠/٧/٢٢
راگەهاندن
بۆ داوالێکراو ازاد صلاح الدین صالح
ل دیف داخازیا داواکار اڤین صباح حسن و کێشا ژمارا وێ لسەری دیار کری تێدا داخازیا تفریق قبل الدخول کری و ژ بەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بەر بژارێ زاخو-ستێر ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل روژا ٢٠٢٠/٨/١٩ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادە بکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.
القاضی/ مروان عادل اسماعیل
***
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
کۆلیژی پەروەردە
سەرچاوە مرۆییەکان
ژمارە/ ١٠٠١/٢/٢
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/١٩
بۆ بەرێز تەوار ئازاد عبدالواحد
بەناونیشانی وەرگیڕی پێشکەوتوو
لە هۆبەی سەرچاوە مرۆییەکان
ب/ ئاگادارکردنەوە
لەبەر دابرانت لە کار لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢ تاکو ئێستا بەبێ هۆ ئاگاداری ئێمە داوات لێ دەکەین کە بگەڕێیتەوە سەر کارەکەت بۆ ماوەی ٧ رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی عێراقدابی وە بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی عێراقدا بی و بەپێی برگەی ٤ لە بەندی ٣٧ یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە ٢٧ لە سالی ١٩٦٠ راستکراوە کۆتایی بە راژەکەت دەهێنین.
پ.ی.سعید عمر ابراهیم
راگری کۆلیژ بە وەکالەت
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە/ ١٥٩/ب/٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٢٦
جاردان
بۆ داوالێکراو/ جمعه بنت الحبیب الصغیر
داواکار اردلان کاکە سور عولا داوای ژمارە/ ١٥٩/ب/٢٠٢٠ لەم دادگایە لەسەر جمعە بنت الحبیب الصغیر تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعار مختار گەرەکی بێتواتەی تازە لە ٢٠٢٠/١/١٦ بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٨/٣١ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە بەپاشملە دەرحەقت ئەنجام دەدرێ.
دادوەر/ قباد شێرزاد نوری
***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (شموخ کوردستان) بۆ (گەیاندن/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (شموخ کوردستان) بۆ کۆمپانیای (LOCAL TOWER)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٥٣٧
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (HAPPY FOUR SEASONS) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٥٣٨
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (زاری بەهیز) بۆ (بازرگانی گشتی و بریکاری بازرگانی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٥٣٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢٦
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (FAST CLEANING HOUSE) بۆ (خزمەتگوزاری پاککردنەوەی خێرا/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٤٥٦٨/١٠
رێکەوت:٢٠٢٠/٧/٢٧
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئامازە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی مولك/ ١/١م ٨ تورەق رووبەر/ ١٩٧٦٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ گۆڕەپانی شفتی و گندۆرە ماوە بەکرێدان/ (٣) سێ ساڵ.
تێبینی/ ١- پێویستە بەشداربووی پرۆسەکە بارمتەی یاسایی وەك سەفتەجە لەبانکی دیدەوان بەناوی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دابنێت.
٢- دەبێت کرێ گرتە پابەندی گشت رێنماییەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و بەرێوەبەرایەتی گواستنەوە و گەیاندن بێت.
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بابەت داواکاریی لە دەوڵەتی ئێران بۆ دانانی سیخوڕی لەناوچە کوردنشینەکان و ئاگادارکردنەوە لە پەیوەندیی بریتانییەکان لەگەڵ سەرۆکانی کورد بۆ بەڵێنی سەربەخۆیی کوردستان

کەمال نوری مەعروف

بابەتەکە، لەقونسوولگەریی دەوڵەتی گەورەی ئێران لە بەغداد دەرچووەو بۆ مەقامی بەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەواژۆی (حاجی عەلی هەیئەت) نێردراوە، سەبارەت بەداواکاریی لەدەوڵەتی ئێران بۆ گرنگیدان بە کاری سیخوڕیی لەناوچە کوردنشینەکان، و ئاگادارکردنەوە لە پەیوەندیی نێوان بەریتانییەکان و سەرۆکەکانی کورد لەبارەی بەڵێنی سەربەخۆیی کوردستان. ئەمەش دەقی بەڵگەنامەکە:



مەقامی بەرزی وەزارەتی دەرەوە، گەورەییتان بەردەوام

سێ ڕۆژی پێشوو تیمی بەغداد بە ئینگلیزی و عێراق بە عەرەبی نووسیبوویان، دەوڵەتی ئێران بە وروژاندنی بەڵشەویکەکان دەوڵەتی بریتانیا هاندەریی کوردەکان ئەزانن ئەمە لەکاتێکدایە کە بریتانییەکان هەرگیز دەست تێوەردانی ناوخۆییان نەکردووە، بەداخەوە دەوڵەتیش هەوڵی نەداوە بۆ دڕووستکردنی هێزی سیخوڕی و لە قازانجی ئەو کارە بێ بەشە. ئێستەیش دەوڵەتەکانی تریش سەلماندوویانە کە لەشکرکێشی و شەڕ زیانبەخشە، ئەبێ هێزی سیخوڕ و ئاژاوەگێڕەکان هەر شوێنێکیان تێك دابوو سوودی باشیان لێوەربگیرێت. مانگێك ئەبێت ڕەفعەت مەولایی زادەو خەلیل بەگ ڕۆشتوون بۆ ئەستەمبوول کە چەك بکڕن، بە ناوی کڕین و فرۆشتن لە یۆنانەوە، وادیارە بە شێوازی قاچاخ لەڕێگەی بەسرەوە بۆ سلێمانی بینێرن و بیگەیەننە سایل ئاغا. موستەفا (موستەفا پاشای کورد) ئێستەش لە شنۆ لە لای سمایل ئاغایە.

و لە نمرەی 1369 ڕێکەوتی ڕبیع الاولی 1340 پێم ڕاگەیاندووی، ئەم مستەفا پاشایە لە کەسایەتی تایبەتی بەریتانییەکانە و جێگەی متمانەی کومیسەری عالییە، ماوەیەك لە بەغدا بووە و هەموو ڕۆژێ سەرقاڵی وەرگرتنی ڕاهێنان بووە، تەنانەت ڕۆژێ کە ئەمیر فەیسەڵ لە مەدرەسەی ئەرمەنییەکان بانگهێشتیان کردووەو منیش ئامادە بووم، هەر ئەم کەسە بەزمانی فارسی وتارێکی دا، (وتی کە ئێمە ئەبێ زۆر سوپاسی دەوڵەتی بریتانیا بکەین کە سەڵتەنەتی ونبووی عێراقییەکانی دڕووست کردەوە و باشتر لەوەیش سەڵتەنەتی لە بنەماڵەی پێغەمبەردا دانا)، عەرەبەکان لە دڵەوە گاڵتەیان ئەکرد کە مستەفا پاشا لە پێشا سونییە بۆچی خانەوادەی پێغەمبەر خۆشحاڵ بێت. جگە لەوەیش کوردیشە چ نوێنەرایەتییەکی لە ئەگەڵ عێراقییەکان هەیە. بەهەرحاڵ ئەگەر دەوڵەت هەندێك پارەی تایبەت بدات بە سیخوڕەکان، لەوانەیە زووتر بتوانن لە شنۆ قسەنووسراوەکانی بەینی بەریتانییەکان و سمایل ئاغا و مستەفا پاشا لە پێشا سونییە بۆچی ڕاستییەکان بدۆزنەوە. ئەبێ هەرچی زووتر بە ناردنی هێزێك بۆ شنۆ، بەهێز بیگرین، بە تایبەت ئەسڵی نووسراوەکە بەدەستبهێنین کە ئابڕوی فیتنەگێڕەکان ئەبات. ئامانجی بەریتانییەکان یەك بگرن و دژ بە دەوڵەتی بەڵێنی دڕووستکردنی حکومەتی کوردی و (ئاشووری) و کوردەکان و ئەرمەنییەکان یەك بگرن و دژ بە دەوڵەتی ئێران و ڕووس بوروووژێنن. یەکێ لە ئەندامانی گرینگی کومیتەی (داش ناك سێون) لە پارلەمانی میسرەوە بە تایبەت هاتووە بۆ بەغدا و ڕاهێنانی پێکراوە و ڕۆشتووە کە ئەرمەنییەکان و ئاشووریییەکان، لەگەڵ ڕووسا بەڵام ناچارم پێتان بڵێم، کە دەوڵەت هەمیشە بابەتەکان پشتگوێ ئەخات. کاتێ دەس ئەکەن بە کاری جددی، کە کوردەکان زیانیان گەیاندووە بە وڵات و جەماعەتێك لە خەڵك کوژراون و کاریان لە سەرەتاوە بە نرخێکی زۆر کەم بەرگری ئەکرێت، ئەبێ بە نرخێکی زۆر گران تەواو بکرێت (سەرچاوگی ئاو ئەبێ بە بەربەست بگیرێت، کاتێ کە لێوڕێژ بوو نابێ بە بێڵ بەربەست بکرێت)، ئەم ئامادەکارییانە، کە بڕیارە لە سەرەتای بەهاردا بکرێت، ئەگەر بە پەلە کاری سەربازیی و سیاسیی دژی نەکرێت، ئەوا زیانێکی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

واژۆ حاجی عەلی هەیئەت

پەراوێز: فەرمانگەی یەکەم، ڕایگەیەنن بە بەڕێز ئاغای وەزیر کە لە ئەنجومەنی وەزیرانی گەورە بخوێنرێتەوە.
٣جدی - شایانی ڕەچاو کردن - لە وەزارەتی ناوخۆ بۆ وڵایەتی نازەربایجان بە تەلەگراف ڕاهێنانی پێویست کراوە - ژمارە 1733 ڕێکەوتی 9جدی 1300.

مۆر: ڕۆشتن بۆ کابینەی وەزارەتی دەرەوە ڕێکەوتی 9ی جدی -1300 ژمارە ٧٥٦٨

جێگای نیگەرانیی و تێڕامانە، بەریتانیاش لەڕێگای باوەڕپێکراوەکانی خۆی هەمان ڕۆڵی گێڕاوە، بەناوی چارەسەری پرسی کورد، بەسەر زاریی، بەڵام لەڕێرەوە، مەبەستێکی تری هەبووە، ئەویش ملکەچپێکردنی ئێران و جێگیرکردن و پاراستنی بەرژەوەندییە ناپوورییەکەی لەو وڵاتەدا.

لەلایەکی تری بەڵگەنامەکەدا هاتووە: مانگێك ئەبێت (ڕەفعەت مەولایی زادە) و (خەلیل بەگ) ڕۆشتوون بۆ ئەستەمبوول، کە چەك بکڕن.

وا دیارە کڕین و فرۆشتنی چەك لە یۆنان بۆ سایل خانی سمکۆ، هەروەکو لەبەڵگەنامەکەشدا هاتووە، بۆ ئەو ڕۆژگارە دەگەڕێتەوە، کە سمکۆی شکاك لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕووبەڕێکی گەورەی لەژێر دەسەڵاتدا بووەو بۆ ئێرانیش مەترسی گەورەی ناوەتەوە. دیارە کڕینی چەکیش بۆ سایل خانی سمکۆ، دەبێت ڕەزامەندی بەریتانیاشی لەسەر بووبێت، کە دژ بە ئێران ڕاوەستاوە، واتە لەلایەك توانیویانە سمکۆ بەکاربهێنن تاکو خزمەت بەنەخشەکانی بەریتانیا لەئێراندا بکات، بەمانا چەند سمکۆی شکاك بەهێز بێت، بەو ئەندازەیەش بەریتانیا، دەتوانێت سوود لەپێگەی سمکۆ ببینێ، تاوەکو ئێران ملکەچیبێ و ئەوەی بەریتانیا دەیەوێت لەقسەی دەرنەچێت. لەلایەکی تریشەوە، ئەوەی پەیوەستە، بەلایەنی چەك کڕین و ناردنی مستەفا پاشای یامووڵکی، لەلایەن سەرانی کوردی تورکیا بەنهێنی بۆ لای سمکۆو داوای یارمەتی لێکردنی بۆ ئەوە بووە باکووری کوردستان، شۆڕشێکی گەورە هەڵگیرسێنن و سایل خانی شکاکیش هاوڕا بێت لەگەڵیاندا. (مستەفا پاشا)یش، هەر بەو نیازە چووەتە لای سمکۆ، ئەو مستەفا پاشایەی لای تورکەکان جێی مەترسی بوو، کە تورکەکانی خستەسەر ئەوەی زیاتر گومان لە سمکۆ بکەن، ئەگەرچی پێشتر لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە نەیوروژێنن و یارمەتیشی بەچەك و جبەخانە بدەن. ڕاستە چوونەکەی مستەفا پاشا، بۆ لای سمکۆ، بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕش بوو، بەڵام سمکۆ هاوڕا نەبوو لەگەڵیدا، بەڵکو ڕای لەسەر ئەوە بووە لە سنووری ئێران شۆڕشەکە نەچێتە دەرەوەو مافی نەتەوەکەی لەو بەشەی کوردستان بەناوی ڕۆژهەڵات بەدەستبهێنێت.

لەلایەکی تری بەڵگەنامەکەدا هاتووە: مستەفا پاشا، لە کەسایەتییە، تایبەتەکانی سەر بە، بەریتانیایەو جێگای متمانەی کۆمیسەری عالییە.

وا دیارە ئەم هەوڵەی مستەفا پاشا، ڕێگە پێدراوی بەریتانییەکانەو هەوڵدانی بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش بووە لەو بەشەی باکووری کوردستان، کە بەشێك بووە لەو پلانەی ئینگلیز، بۆ بەکارهێنانی کوردو وەك کارتێکی بەهێز لەپێناوی ئامانجەکەیدا، چونکە لەو سەروبەندەدا سیاسەتی ئینگلیز بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتووە، کە دەبێت لەکوردستانەوە نەخشەی نوێی بۆ سنووری باکووری داهاتووی دەوڵەتی عێراقی نوێ جێگیر بکات. هەربۆیە بەناردنی مستەفا پاشاش بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش، بۆئەوە بووە کە تورکەکان لەبیری ویلایەتی مووسڵدا نەبن و بەکێشەی ناوخۆیانەوە سەرقاڵبن.

جارێکیتر لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە: - ڕۆژێ کە ئەمیر فەیسەڵ لەقوتابخانەی ئەرمەنییەکان بانگهێشتییان کردووەو منیش ئامادە بووم، ئەم کەسە هەر (مەبەستی یامووڵکییە) بەزمانی فارسی وتارێکی دا. ئەم هەڵوێستەی پاشا، لایەکی تری پەیڕەوکردنی سیاسەتەکەیەتی کە ستایشی بۆ دەوڵەتی بەریتانیا کردووە، کە لە بنەماڵەی پێغەمبەر پاشایەکی دانا و سەڵتەنەتی ونبووی عێراقییەکانی دروستکردووە. هەروەکو لەبەڵگەکەدا هاتووە لای منیش و لای عەرەبەکانیش وتراوە، ئەم قسەیەی شوێنی گاڵتەپێکردنەو کوردێکی سلێمانی سوننی مەزهب، بۆچی ئەبێ بەسەڵتەنەت لەخانەوادەی پێغەمبەر خۆشحاڵ بێت .

جارێکیتر لەبەڵگەنامەکەدا هاتووە: (ئەگەر دەوڵەت هەندێك پارەی تایبەت بدات بەسیخوڕەکان، لەوانەیە زووتر بتوانن لەشنۆ نووسراوەکانی نێوان بەریتانییەکان و سمایل ئاغاو مستەفا پاشا بەدەستبهێنن و ڕاستییەکان بدۆزنەوە).

ئەمەش، بەڵامەوە، وەرچەرخانێکی نوێیە، لەسیاسەتی ئێرانی سەردەمی ڕەزا شادا، کەویستوویە زانیاریەکانی ناو کۆبوونەوەکە، بەبڕێك پارە، بەهۆی سیخوڕەکانیەوە بەدەستبهێنێت، کە لەو باوەڕەدا بووە لەڕێگای سەربازییەوە، نەیتوانیبێت سەرکەوتوو بێت، چونکە پشتگیری ئینگلیز بۆ سمکۆ زیاتر تواناو پێگەی بەرزکردۆتەوە. لەوڵاشەوە تورکی کەمالیش، هاوکارێکی گەورە بوون، بۆ یارمەتیدانی سمکۆ، هەتاکو ئەوکاتەی گومانیان لەسەر دانەنابوو.

هەر ئەوەیش وایکرد، ئێرانی قاجاریی لەڕێگای سیخوڕەکانیەوە لەهەوڵدا بێت، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، هەتاکو بتوانن، نهێنییەکانی هێزو توانای سایل ئاغای شکاك وەربگرن، بەو نیازەی دەستی کوشندەی لێبووەوشێنن، وا دیارە بەپێی ڕاپۆرتەکە لەو سەروبەندەدا، شاری (شنۆ) بەدەست لەشکری سایل ئاغاوە بووبێت، بەڵگەش بۆ ئەمە، خودی ڕاپۆرتەکەیە، تێیدا هاتووە: حکوومەت بەلایەوە گرنگە، هەرچی زووە بەناردنی هێزێك شنۆ بگرن، تاوەکو ئابڕووی فیتنە گێڕەکان بەرن.

لەو قۆناغەدا بۆچوونی لایەنی حکوومەتی ئێرانی بەبەڵگەنامەکەوە دیارە، هەروەکو دەڵێت: ئامانجی بەریتانییەکان لەوەدا بووە کەهانی کوردەکان و ئاشووریییەکان داوەی ڕاپۆرتەکە یەکبگرن، کە بەڵێنی دڕووستکردنی حکوومەتی کوردی و ئاشووری پێدراون، هەروەها لەگەڵا ئەرمەنییەکانیش، تاوەکو هەردوولایان، دژ بەدەوڵەتی ئێران و ڕووس بەکاریانبهێنن. ئەمەی لێرەدا باسمانکرد، بەڵگەیەکی تەرە لەمێژووی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا، کەچۆن بۆ گەیشتن بەئامانجی سیاسی خۆی هەوڵیداوە، هەر لایەکیشی بەکارهێنا بێت، وەکو، کوردو ئاشووری، بەناوی دامەزراندنی حکوومەتی هاوبەش لەبنەمادا درۆیەکی شاخدار بووەو هیچی تر.

ئەوەتا دەسەڵاتدارانی بەریتانیا، وەکو ڕاپۆرتەکە دەڵێت: یەکێك لەئەندامانی گرنگی کۆمیتەی (داشناك سیۆن) بەفەرمانیان لەپەرلەمانی میسرەوە، چووە بۆ بەغدادو هەر پێدەچێت ئاغای بەریتانیا، ڕاهێنانی پێکردبێت، بۆ یەکگرتنی ئەرمەنییەکان و ئاشووریییەکان و کوردەکان، و بەڵێنی وەرگرتبێت، ئەویش بەڵێنەکەی بەوان گەیاندبێت. ئەم کردەوەیەی بەریتانیا، بەشێکە لەو گەمە سیاسیەی کە ئەنجامی داوە، بێئەوەی ئاسەوارێك بەجێبهێڵێت.

لەلایەکی تری بەڵگەنامەکە هاتووە: (هەندێك لە ئەرمەنییەکان کە پێشتر لەگەڵ ڕووسەکاندا بوون، و بوونە بەلشەویك و لەجەماوەری دژەکان نین، لەوانەیە لەژێر کاریگەری ئەم بەرپەرسەدا، پەیوەستبن بەوانی تەرەوە).

ئینگلیزەکان بۆ لەباربردنی کودەتای ئۆکتۆبەری 1917 لەڕووسیادا، هەموو ڕێگاکانیان گرتۆتەبەر، بۆ تێکدانیی و سەرنەگرتنی شۆڕشەکە، بۆیە لەناو بەلشەویکەکانیشدا لەڕێگای ئەو ئەندامە ئەرمەنییەی (داشناك سیۆن)ەو خەریکی خستنەوەی دوو دڵیی و نائارمیی بووە لە ناویاندا، بۆئەوەی لەو ڕێبازە لایان بداو بۆ لای براکانیان لەئاشووری و ئەرمەنی و کورد بگەڕێنەوە، تاکو نیشتمانی هاوبەش دروستبکەن.

هەر لە ڕاپۆرتەکەدا جارێکی تر هاتووە: (ئەم کارانە وردە وردە، گرنگ دەبن و چاویان ئاسان نابێت، هەرچەند کە بێ ئەدەبییە، بەڵام ناچارم پێتان بڵێم، کە دەوڵەت هەمیشە بابەتەکان پشتگوێ دەخات).

لەم بڕگەیەدا دەردەکەوێت، کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی چەند لە ئەنجامی ئەو کارانەدا ترساون، کە بەریتانیا لەپشتی جوواڵنەوەکانەو لێپرسراوان هاواریان لێهەستاوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە، دەوڵەت گوێی پێنادات، بەڵام ناڕاستەوخۆ داوا دەکات کاری جدییان بۆ بکرێت، بۆ نەهێشتنیان و ڕێگاگرتن لەئاژاوەگێڕیی، بۆ گەڕانەوەی هێمنیی بۆ سنووەکانی وڵات.

خاوەنی ڕاپۆرتەکە ئەوەی خستووەتەڕوو، ئەگەر سەرەتای هەموو کارێکی تێکدەرانە، زوو فریای نەکەوێت، بەنرخێکی گران تەواو دەبێت.

بەمانا، چەشنی نەخۆشی، ئەگەر زوو بەزوو فریای بکەوێت، بەئاسانی دەتوانیت بنبڕی بکەیت، بەڵام کە بڵاوبووەوەو لاشەی نەخۆشەکەی گرتەوە، چارەسەری گران دەبێت.


لەکۆتایی بەڵگەنامەکەدا، نێرەری ڕاپۆرتەکە دەڵێت: (ئەم ئامادەکارییانە، کە بڕیارە لەسەرەتای بەهاردا بکرێت، ئەگەر بە پەلەکاری سەربازیی و سیاسی دژی نەکرێت، ئەوا زیانێکی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێت).

ئەوە مێژووی ئەو ڕۆژگارەی شەڕی قورسی نێوان سمایل ئاغای شکاك و دەسەڵاتی ئێرانی خوێندبێتەوە، لەڕاپۆرتەکەدا، لەقسەکانی نێرەرەکەی تێدەگات، هەر ئەوەیش حکوومەتی ئێرانی ناچار کردووە، هێرشێکی سەربازیی گەورە بەبنە سەر بارەگاکەی سمکۆ، ئەوە بوو لە تەممووزی 1922 کۆتاییان بە شۆڕشەکەی هێنا.

حەزم لە گەمەکردن و سەمای وشەکانە

خانمە شاعیری ڕۆژهەڵات م. ئازەر:

شیعر و شاعیر وەک سروشت، وەرزی سەوز بوون و زەرد بوون و بەستەڵەکیان هەیە



دیمانە: هێمن ئاری

خانمە شاعیری ڕۆژهەڵات (م. ئازەر) خانمە شاعیرێکی شاری مەهاباد، لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەی خەباتدا باس لەپرۆسەی شیعر نووسینی خۆی دەکات و دەڵێت: یەکەمجار لەشەڕی داعش پارچەیەک شیعرم لەسەر شەنگال نووسی، سێ بەشی شیعرەکە بەزمانی فارسی بوو، بەشە کوردییەکەشیم هەر بە ئیملای فارسی نووسیبوو.
ئامازە بەوەش دەکات ئەو پارچە شیعرە یەکەم تەجروبەی شیعری ئەو بووە .. ئەو شاعیرە پێشیوایە شیعر زمان و ئاوێنەی دەروون و ڕۆحیەتی ،هەرچی نەتوانێت بەگفتوگۆ و زمانی چاو و جەستە دەرییبڕێت، ئەوا لەڕێگەی شیعرەوە دەردەبڕێت.

خەبات: چۆن باس لە پرۆسەی نووسینی شیعری خۆتمان بۆ دەکەی؟

م. ئازەر: یەکەمجار ساڵی 2014 هاوکات لەگەڵ شەڕی داعش پارچە شیعرێکم بۆ شەنگال نووسی کە سێ بەشی فارسی بوو و بەشە کوردییەکەشی هەر بە ئیملای فارسی بوو . ئەوە یەکەم تەجروبەی نووسینم لە زەمینەی شیعردابوو و بە شەرمێکی زۆر لەوەی کە بۆ دەبێ نەتوانم بە زمانی دایکم قسە بکەم و بنووسم دەفتەری نووسینم وەلا نا تا ساڵی 2015 .

خەبات: ئێستا لەکوێ ژیان بەسەر دەبەیت؟

م. ئازەر: من کوردم و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری مەهاباد لە دایکبوومە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە پازدە ساڵی سەرەتای تەمەنم لە شارێکی تورکنشین ژیاوم زمانی کوردیم تێر و تەواو نەبوو و نەمدەتوانی بە دروستی و ڕێک و پێکی قسە بکەم و بنووسم (لە نووسین هەر هیچم نەدەزانی) و بەشی زۆری ئەدەبیاتی گفتوگۆ و نووسینم فارسی بوو، شۆڕشی ئەدەبیات و زمانم لە یەکەم سەفەرم بۆ کوردستانی باشوور دەستی پێکرد و بڕیارم دا فێری زمانی کوردی بم و لە 2015 بە کتێبی هەمبانە بۆرینەی مامۆستا هەژار دەستم پێکرد و تا ئێرە هاتووم کە لە خزمەتتان دام...

خەبات: چۆن و بۆچی شیعر دەنووسی ، دەتەوێ لەڕێگەی شیعرەوە چی بڵێیت ؟

م. ئازەر: شیعر زمان و ئاوێنەی دەروون و ڕوحی منە ، هەرچی نەمتوانیووە بە گفتوگۆ و زمانی چاو و جەستە دەرییبڕم بە شیعر گۆتوومە و دەرم بڕیووە .

خەبات: شیعر کەس ئومێدەوار دەکات، یان تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی ئومێد نیشانی مرۆڤ دەدات و دواتر شاعیران دەچنەوە دۆخی نا ئارامی خۆیانەوە؟

م. ئازەر: شیعر و شاعیر وەک سروشت وەرزی سەوز بوون و زەرد بوون و بەستەڵەکیان هەیە و ئەو پرۆسە و سیکلە وەک بەهار و پاییز دێت و دەڕوات و جار شاعیر بێدەنگە و جار هەڵدەقوڵێ، ناتوانم بڵێم شیعر ئومێدە یا نا ئەمە هەواڵنێرێکە بۆ دنیای دەرەوەی خۆت ، بناغەی شیعر هەست و ئیحساسە و هەرکات ئەو بناغەیە بجوڵێتەوە شیعر دەنوسرێ، پارچە شیعرێکی دیاری کراو دەتوانێ هاوکات مرۆڤێک ئومێدوار بکات و یەک نائومێد، ئەوە بەستگی بە زاویەی بینینی کەسەکان هەیە ، ئەمە تەکلیفی شاعیر ڕوون و دیارە لەو بازنەیەدا .

خەبات: ئەو شیعرانەی دەیاننوسی تاچەند هەڵقوڵاوی فەنتازییایەکی ر ڕ حییە ؟

م. ئازەر: بەشێک لە نووسینەکانم هەڵقوڵاوی ناخی خۆمن و بەشێکیان هی ئەو سەفەرانەیە کە لە حەدی توانا بۆ قەڵەمڕەوی دەروون و ئیحساسی کەسەکانم کردووە ، هەندێکشیان هی دنیای ئەو واقعیەتانەن کە ناتوانین ئینکاریان بکەین و بمانەوێ و نەمانەوێ تێیاندا دەژین .

خەبات: زۆربەی شاعیران لەدەرگای عەشقەوە چوونەتە نێو دنیای شیعر، ئەی تۆ؟

م. ئازەر: بەڵێ ڕاستە، ئەمە تا عەشق چی بێت و مەعشوق چی ؟ لە خواوە بگرە تا خاک و دایک و نیشتمان و ئازادی و سروشت و مرۆڤ هەموو دەتوانن سەرچاوەی عەشق بن و ببن بە مەعشوق ،

خەبات: لەکۆمەڵگە داخراوەکان هەمیشە ئافرەت بەقەتیسی ماوەتەوە و نەیانهێشتووە شان بەشانی پیاوان بەرەوپێش بچن،کوردیش تا ئاستێ لەم ڕوو وەوە بێ بەش نەبووە،تۆ وەک ئافرەتێ لەم بوارە تاچەند ڕەنجت



شیعر زمان و ئاوێنەی دەروون و ڕۆحی منە، ئەوەی نەتوانم بەگفتوگۆ و زمانی چاو و جەستە دەرییبڕم بەشیعر دەریبان دەبڕم

کێشاوە؟

م. ئازەر: نالێم بێ بەش نەبوومە ئەمبا بە هۆی ئەرزش و پێگەی زانست و ئەدەب و هونەر لە بنەماڵەماندا من زۆر دەرگیری ئەو کێشەیە نەبوومە، لێ منیش پەنجەیەکی دەستی ژن بوونم و بە تەواوی وجود ئەو ئازارانە دەرک دەکەم و دەزانم ژنەکانی وڵاتم چ ڕەنجێکیان کێشاوە و چ دەکێشن، ئەمبا کێشەی ئێمە تەنها قەتیس مان و مەحدودیەتەکانی زاهیری و فیزیکی کچ و ژنەکانمان نییە و ئەو پرسیارە دەبێ بەحسێکی تێر و تەسەلی لەسەر بکردرێ چۆن ئەو دیوارە بەشێکی زۆری ڕووخاوە ، بەشێکی زۆر لە کۆت و زنجیرەکان پساون، بەڵام بەداخەوە مێشکمان بە ویستی خۆی ڕادەکات لە ئازادی بیر و ئەندیشە و توانای بینینی ڕووناکی نییە .

خەبات: دەتەوێ وەکو شاعیرێکی مێینە بگەیت بەچی لەو پەیامانەی لەدەقە شیعرییەکانتدا هەیە ئاراستەی کێی دەکەی؟

م. ئازەر: حەزم لە نووسینە، حەزم لە سەمای وشەکانە، منالی ناخم لە گەمە کردن لەگەڵیان ئارام دەگرێ و بزەی دێتە سەر لێو، هەستم بە زمانی شیعر دەردەبڕم بە دیتنی جوانییەک خۆشییەک یان ئازارێک .
شایەد هەندێک لە شیعرەکان موخاتەبی تایبەتی خۆیان هەبێ، بەڵام زۆربەیان گشتین و هەرکەسێک بەنا بە دیدگای خۆی دەتوانێ بیخوێنێتەوە و بەرداشتی لێ بکات.

خەبات: چەند بڵاوکراوەی شیعریت هە یە ؟

م. ئازەر: تەمەنی شیعرم پێنج ساڵە و تەقریبەن نزیکەی هەزار و دووسەد پارچە شیعری کورت و بڵیندم هەیە . من مەیسومە ئازەر بە شانازییەوە کورد ، ژن و دایکێکی پێنووس بەدەستم.

فرمێسکی زووخاو و گەشتێک



ئاکۆ عەبدوڵا

ئەم ساڵ بە تیراژی ٥٠٠ دانە، کتێبی (فرمێسکی زووخاو) چاپکرا کە بریتییە لە دیوانە شیعری (ڕەفیق ئیبراهیم بیستانەیی) ی، هەڵگری نازناوی (هۆشکار). ئەو بەرهەمە لەلایەن هۆشمەند ڕەفیقی کوڕی ناوبراو کۆکراوەتەوە و ئامادەکراوە، کە جگە لە شیعرەکانی کورتەیەك لە ژیان و هەندێك وێنەی تایبەتی شاعیری گرتۆتە خۆ. لە کۆتاییەکەشیدا ئامادەکار لیستێکی تایبەت بۆ فەرهەنگی وشەکان داناوە، بەو کارەش کتێبەکەی سەنگینتر کردووە.

شیعرەکانی ناو ئەو دیوانە کە زیاتر بە هۆنراوی میللی دەچن، لە ڕووی فۆرم دوو جۆرن بەشێکیان چوارینەن بەشەکەی تریشیان شیعری درێژی ستوونین. هەردوو بەشەکەش لە ڕووی برگە هەمەڕەنگن، لە هەموشیاندا شاعیر پێداگربووە لە پارێزگاریکردن لە سەروا، هەتا ئەگەر لەسەر حسابی کێشیش بێ. لەگەڵ ئەو دوو جۆرەش، فۆرمی شیعری نوێش لەو بەرهەمە دەبینین بۆ نموونە لە لاپەڕە ٨١ شیعرێك بە ناونیشانی (لێمگەڕێ) هەیە کە لە ساڵی١٩٨٠ نووسراوە. سەرەتا بەو جۆرەیە:

دڵ بە تاسەی
ڕۆ هەناسەی
مەست لە ئاوات
تێ دەکۆشێ
بەرەو گۆشێ
سەرنج ئەبات
کۆشکی هیوا
چەماو ئەنگوا
سەیرە ئەڕوات

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سەیری ئەو بەرهەمە بکەین دەبینین شاعیریش هاوشێوەی شاعیرانی دیکەی سەردەمی خۆی، ئازار و ناخۆشی لە دەستی ڕژێمەکانی پێشوو بینیوە. هەروەها لەکاتی شەڕی ناوخۆش ناخی هەژاوە، ئەوانە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە وەك مرۆڤێکی هۆشیار و مرۆڤخواز و کەسێکی موسوڵمان لە ژیانی ڕوانیوە، بۆیە شیعرەکانی لەو هەست و سەرچاوانە هەڵقوڵاون کە خۆشەویستی ژیان و خاك و ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن و ئاموژگاریکردنیان گرتۆتەخۆ و ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە بابەتانەن.

بۆ نموونە لە دوو دێڕی پێشەوەی شیعرێك بەناونیشانی (کوردستانی من) لە لاپەڕە ٨٩ دەڵێت:

کوردستان لانەی کورد زووبانە
ئەندێشەی بەرزی پیر و جوانە
لە نزم و بەرزی بەژنی چیا
ئاوازی ڕەشەبا، وشەی زریانە

هەروەها لە لاپەڕە ١٨ لە چوارینەیەکدا بەو جۆرە هەستی نیشتیمانپەروەری دەربڕیوە :

لەم ژینە تاڵە لە بەختی ڕەشم
وەك کورە کەوا منیش بێ بەشم
ووچانم نادا لەم ژینەم پەڕۆش
بێ بەش لە خۆشی هەتاوی گەشم

سەبارەت بە دروستکردنی حکومەتی هەرێمیش، لە ساڵی ١٩٩٢ شیعرێکی بەناوی (پەڕلەمان) نووسیوە کە لە لاپەڕە ٨٢ ی کتێبەکە دانراوە و لە سەرەتا بەو جۆرە هەستی خۆی دەربڕیوە:

کورپەلەی ساوا دایکی کوردستان
سەلماندی جیهان بۆ کورد پەرلەمان
کاوە دایڕشت بۆ نەوەی کورد هۆز
هەتا هەتایە بن نایە نەورۆز

لە لاپەڕە ٢٣ ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی زیندانی ڕژێمی پێشووی وڵاتی لە چوارینەیەك بەو جۆرە دەربڕیوە:

سڵاو لە زیندان بۆ تۆزیە واهات
نامەی ناڕێکم گران نەبێ بە لات
لام زۆرە ووشەی پرشنگی بەسۆ
بنووسم بۆ تۆ بیکەم بۆت خەڵات

ئەمەو وەك مرۆڤێکی ئاشقە ژیانیش بابەتی خۆشەویستیش لە شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە، وەك لە لاپەڕە ٢٧ لە دێڕی یەکەمی شیعرێکی بێ ناونیشاندا، دەڵێت:

گەر زوڵفت شەو ڕووت هەتاوە
بەو تیشکەت چاوم سەیری نەماوە

یاخود وەك لە درێژی یەکەمی شیعری (گفت) دا دەڵێت :

یاری پڕ وەفا قسەی جارێکە
کە گفتی پێم دا بۆ من شارێکە
لە زۆر چوارینەش (کە بەگشتی چوارچیوەی ئامۆژگارییان وەرگرتووە) گرنگی و بەرزی مرۆڤی بەرجەستەکردووە، بەو مەرجەی مرۆڤ پابەندبێت بە مرۆڤایەتی و ئاکاری دروست و خزمەتکردن و بنیادنان، وەك لە چوارینەیەکی لاپەڕە ٣٨ دا دەڵێت :

زانست گەنجینەیە مشت بەهایە
بۆ برسی مێشك خۆێندن توانایە
لە دەریای زانست سەرنج بەرەوە
کورد گوتەنی! نان لە ڕەش خەتایە

یاخود وەك لە چوارینەیەکی لاپەڕە ٤٤ دا دەڵێت:

ڕۆڵە قەت نەبیە دەستە، ئەژنۆ
لەسەر زەوی بە هێمنی بخۆ و بڕۆ
نەکەی لەگەڵ برای خۆت درۆ
لەسەر یاسا و قورئانی چیگۆ: وابڕۆ

بێگومان جوانی کوردستان و سروشتە دڵڕفێنەکەشی لە شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە، وەك لە چوارینەیەکی لاپەڕە ١٥ دەڵێت:

بەهارە گوڵ سەرەپا جوانی زەوی پۆشیوە
کەژێکی تاکە سەرکەژە، خوا بە بەندەی بەخشیوە
گوڵستانی باغەوان بوو بە سەیراگای لاوەکان
شایی، زەماوەند، سازە ناخی گوڵزاری جۆشیوە

شاعیر لە چەند دێڕێکدا:

* ڕەفیق ئیبراهیم سێودین ئیسماعیل ڕۆژی ١٩٥٣/٧/١ لە گوندی بیستانەی گەورەی سەر بە قەزای هەولێر هاتەدونیا.
* ساڵی ١٩٦٢ چووە بەر خوێندن، بە هۆی چەرمەسەریەکانی ژیان تا پۆلی دووەمی ناوەندی توانی لە خوێندن بەردەوام بێت.
* ساڵی ١٩٧٤ ڕیزەکانی سەربازی جێدەهێلێ و دەبێتە پێشمەرگە تا ڕووداتی نسکۆ.
* ساڵی ١٩٧٧ لە فەرمانگەی توێژینەوەی کشتوکاڵی لە دارستانی گوندی بیستانە، دەبێتە فەرمانبەر.
* دوای ئەوەی لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران جارێکی دیکە دەکرێتەوە سەرباز و دواتر بەرەکان جێدەهێلی و بە فیراری خۆی ون دەکات، ڕۆژی ١٩٨٧/٢/١٠ دەستگیر دەکرێ و ماوەیەکی تاڵی ژیان لە کۆمەڵێك بەندیخانەی سەخت و بەد ناو بەسەر دەبات. تا لە لێبوردننە گشتییەکەی ساڵی ١٩٨٨ ئازاد دەکرێت.
* ساڵی ٢٠٠٠ لە فەرمانبەری خۆی خانەنشینکرد.



ڕووسیا و ئاڵۆگۆڕییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بەرژەوەندییە ستراتیژیەکانی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

خۆشەوی مەلا برایم



عەرەبستانی سعودیە

لە نێوان عەرەبستان و ڕووسیادا کۆمیتەیەکی هاوبەشی ڕووبەڕووبوونەوە دژ بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی چێکراوە، کە کێشەی تیرۆریستەکانی چیچانیش لەو چوارچێوەیەدایە. لە ڕوانگەی ڕووسەکانەوە ئەو هاوپەیمانییە باسی زۆر شت و پەسەندنەکردنی سیاسەتی ئەمریکاش دەگەیەنێت، ئێستە دەسەڵاتدارانی سعودیا ناچاربوونە، کە هاوسەنگییەك لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهاندا دروست بکەن، لە ئەمریکادا چەند جار وتار لەسەر گۆڕینی دەسەڵات لە سعودیا لە خانەوادەی سعودییەوە بۆ هاشمییەکان، کە خۆیان بە میراتگری پێغەمبەر دەزانن نوسراون، کە ئەوەش بووەتە جێگەی مەترسی دەسەڵاتدارانی سعودیا. عەرەبستانی سعودیاش قورساییەکی گەورەی دارایی لە جیهاندا هەیە، لە ڕووی جیۆپۆلێتیکیشەوە هەڵکەوتووی سعودیا بۆ ڕووسیا زۆر گرینگە، بۆیە دیپلۆماتەکانی ڕووسیا زۆر هەوڵ دەدەن، کە پێوەندییەکی پتەوی ئابووری و تەکنیکی - سوپایی لەگەڵ وڵاتی پێغەمبەری ئیسلامدا چێ بکەن، هەروەها ئەو وڵاتە ڕۆڵی لە ڕووی جیۆپۆلێتیکدا بەرەو پەرەسەندن دەچێت.

لە سەردەمی ئێستەدا ڕووسیا دۆستی نێزیکی لەو هەرێمەدا نییە، دۆستە کۆنەکانی وەکو لیبیا، عێراق، سوریا و ئێران لەژێر ئابڵۆقەی ئابووریدا بوون، کە ئێستەش ڕووبەڕووی کێشەی شەڕ بوونەتەوە، بۆیە ئێستە دۆستی ئەوتۆی نییە، کە بتوانێت بە دروستی لەپاڵ بەرژەوەندییەکانی ڕووسیادا بووەستن. بزوتنەوەی فەڵەستینیش ئەو قورساییە نێودەوڵەتییەی نییە و وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا نییە. وڵاتی عەرەبستانی سعودیا واتە: ناوەندی (زێڕی ڕەش)، وڵاتی ئیسلام، وڵاتی مەکە و مەدینەیە خاکی پیرۆزە لای ملیۆنان موسڵمان، کە هەڵوێستێکی بەهێزی لەناو وڵاتانی عارەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتیشدا هەیە، ئەو وڵاتە ڕۆڵێکی گرینگ لە یەکگرتنی موسڵمانان و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامگەرایی و پاراستنی بەرژەوەندی گەلانی موسڵمان دەبینێت، یارمەتی زۆر ڕێکخراوی موسڵمانی جیهانیش دەدات. لە ڕووی یارمەتی دەرەکیدا عەرەبستانی سعودیا لە پاش ئەمریکا لە پلەبەندی دووەمدایە، بۆیە لەو ڕووەشەوە ڕۆڵی نێودەوڵەتی لەبەرچاوە و کاریگەری بەسەر بڕیارەکانی جیهاندا هەیە. لە ڕووی پێشکەوتنەکانی زانست و ئابووری دەستکەوتی زۆر گەورەی بەدەستهێناوە و نەخوێندەواری بنبڕ کردووە، لە وڵاتێکی بیابانەوە بووەتە گەورەترین بەرهەمهێنەری کشتوکاڵ، لە وڵاتی هاوردەکارەوە بووتە هەناردەکاری کشتوکاڵ، لەر ووی تەندروستیشدا زۆر دەستکەوتی گەورەی بەدەستهێناوە لە ڕووی مردنی منداڵانیشدا کەمترین ڕێژەی لە جیهاندا هەیە. لە ڕووی یارمەتیدان و دابینکردنی بژێوی ژیانی هەژار و هەتیو و ژنانی بێسەرپەرەشتدا ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت و هەوڵ دەدات، کە نرخی خۆراکیش لە ئاستێکی دیارکراودا بێت و هەموو چین و تۆێژەکان توانای کڕینیان هەبێت. سیستەمی پاراستنی مافی کار یەکێکە لە سیستەمە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان.لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا سعودیا زۆر پێڕەو لە سیاسەتی ئەمریکا دەکات، بۆیە لە نێوان ساڵانی هەشتا و نەوەدەکاندا دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی عێراق، ئێران و ئەفغانستاندا دەکرد هەر لەبەرئەوەشە، کە پێوەندییەکانیان لەگەڵ بەشێك لە وڵاتانی ئیسلامی ناڕێکە، بەڵام هۆکاری دیکەی ئەو ناتەباییانە بۆ بەربڵاوی بیروڕای وەهابیەتیش دەگەڕێتەوە، کە زۆر جار سعودییەکان پروپاگەندەی ڕاستەوخۆ یاخۆ ناڕاستەوخۆی بۆ دەکەن. کێبەرکێ لە نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتیشدا هۆکارێکی دیکەی ئەو ناتەباییە و چەندان بەرژەوەندی دیکەی هەرێمی لە نێوان سعودیا و ئێران و شیعە و سونەشدا پەریان سەندووە، بەڵام خاڵی هاوبەشیش لەسەر دانانی نرخی نەوت و چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیل لە نێوان ئەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێن.لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەکاندا لەبەر شەڕی ئەفغانستان و چیچان عەرەبستانی سعودیا پێوەندیی لەگەڵ ڕووسیادا باش نەبوو. تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٣دا شازادە عەبدوڵا سەردانی ڕووسیای کرد و لە بەرزترین ئاستدا باسی پێکەوە کارکردنی دەرهێنانی نەوت و گاز و پیشەسازی کیمیاویان کرد، کە ئەو پرۆژانە بایی ٢٥ ملیارد دۆلار مەزەندە دەکران. عەرەبستانی سعودیا دەیەوێت، کە هەلیکۆپتەری ڕووسیایی (کامۆف) بەرهەم بهێنێت. شازادە باسی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی سوپایشی کرد. بازاڕی سعودیا یەکێکە لە گەورەترین بازاڕی کڕینی چەکە لە جیهاندا، بەڵام ئێستە پشکی ڕووسیا زۆر کەمە، کە دەگاتە ڕێژەی لە ٠,٢٪.

پرسە ناکۆک و هاوبەشەکانی نێوان ڕووسیا و سعودیا:

کێشەی سوریا و پێشنیازی ڕووسیا لەبارەی پێکهێنانی کوالیسیۆنێك، کە کوردیش بەشدار بێت: پشتگیری ڕووسیا لە ڕژێمی سوریا بووەتە مایەی ناکۆکی و دابڕانی پێوەندییە بەهێزەکانی دیپلۆماتی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا. لە سەرەتای دەستپێکی شەڕدا زۆر باسی جدی لەسەر ڕێکەوتنامەی فرۆشتنی چەکی ڕووسیا بۆ سعودیا بە بڕێی ٤ بۆ ٦ ملیارد دۆلار دەکرا، بڕیاربوو، کە بە سەدان تانك و ١٥٠ هەلیکۆپتەر و چەندان جۆری ڕۆکێت و چەکی قورس بفرۆشرێنە سعودیا. لە پاش شەڕی ناوخۆی سوریا هەموو ئەو هەوڵانە ڕاگیران. یەکێك لە ناکۆکییەکانی دیکەی نادیاری نێوان لایەنەکان چۆنییەتی پێکهێنانی کوالیسیۆن و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزمە. وەزیری دەرەوەی ڕووسیا لە دەوحا باسی دروستکردنی کوالیسیۆنێکی لەشکری لە سوپای عێراق، سوریا و کوردان کرد، ڕووسیا لەو بڕوایەدایە، کە لە چوارچێوەی ئەو کوالیسیۆنەدا لەسەر زەوی دەتواندرێت، کە گوڕزی تۆند و جدی لە داعش بوەشندرێت، چونکە ڕووسەکان پێیان وایە بۆردمانەکان لە ڕێگەی فڕۆکەکانەوە زۆر کاریگەر نین. لە ڕووی دروستکردنی کوالیسیۆن بەمەرجی بەشداری ئەو لایەنانە سعودیا لەگەڵ ڕووسیادا هاوڕا نییە، ئێستە ئەو پێشنیازە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.


خاڵە هاوبەشەکان:

لە ڕووی ئابوورییەوە و بەتایبەت لەم هەلومەرجە دژوارە ئابووریەی، کە ئێستە ڕووسیا تێی کەوتووە زۆری پێخۆشە، کە پێوەندییەکانی و ئاستی سەرمایەگوزاری دەرەکی لە وڵاتەکەیاندا پەرەبەخۆوە ببینێت، هەروەها ڕێکەوتنی فرۆشتنی چەکیش واژۆ بکرێن. لە ڕووی ئابووریی و فرۆشتنی چەکەوە ڕووسیا پێشنیازی بێهاوتای سەرنجڕاکێشی مێژوویی خۆی پێشکەش بە سعودیا کردووە، بۆ نمونە ڕووسیای فیدراڵ ئامادەیە، کە کۆمپلکسی ڕۆکێتی ئەسکەندەر بفرۆشێتە سعودیا، ئەوەش جاری یەکەمە، کە ڕووسیا سەوداکارییەکی بەم شێوەیە لەگەڵ وڵاتێکی دەرەکیدا لە ڕووی فرۆشتنی ڕۆکێتی دوورهاوێژدا ئەنجام بدات، ڕووسیا ئامادەیە، کە بە قەبارەیەکی زۆرەوە زەوی کشتوکاڵی خۆی بە سعودیا بۆ پێداویستییەکانی ناوخۆی بسپێرێت و بەشداری لە دابینکردنی سەقامگیری خۆراکیدا بکات، بەو واتەیە ئەو بەرهەمە خۆراکیانەی، کە لە ڕووسیادا بەرهەم دەهێندرێت دووبارە هەناردەی سعودیا بکرێن، ڕووسیا ئامادەیە، کە بە هەموو شێوەیەك لە پێناو دروستکردنی وێستگەی کارەبای ئەتۆمیدا کاربکات و سعودیاش بەڵێنی ڕادەستکردنی بونیاتنانی ١٦ ریاکتۆری ئەتۆمی بە ڕووسیا داوە. بەر لە ڕووسیاش چەندان وڵاتی دیکەی وەکو ئەمریکا، فەرەنسا، ئەرجەنتین و ژاپۆنیش بەشداریان لەو پرۆژانەدا کردووە. ڕووسیا ئامادەیە، کە بە هاوبەشی تەکنۆلۆژیای بەکارهێنانی سوودەکانی ئاسمانی لەگەڵ سعودیا کار بکات، لە ڕووی دابینکردنی سیستەمی نۆفیگەیشنی (گلۆناس) ڕووسیا دەتوانێت، کە ئەرکی وەگەڕخستنی جێبەجێ بکات. ڕووسیا دەزانێت، کە عەرەبستانی سعودیا پێگەیەکی بەهێزی نەوت و گازی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەیە و توانای کارتێکەری بەسەر ئاراستەی بیرۆکەی ١,٦ ملیارد موسڵماندا هەیە و یەکێکە لە ناوەندە هەرە بە هێزەکانی وڵاتانی عارەبان. سەرەڕای تەنگژەی ئابووری تێکڕای گەشەی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بە ڕێژەی لە ٥,٦٪ لە پێشکەوتندایە. ڕووسیا بە ڕێگەی سعودیاوە دەتوانێت، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و وڵاتانی موسڵماندا هاوسەنگ بکات و دەستی بگاتە سەرچاوەکانیان.

لە هەمبەردا سعودیاش ئامادەیە، کە بە بڕی زیاتر لە ١٠ ملیارد $ سەرمایەگوزاری لەناو ڕووسیادا ئەنجام بدات ئەو بڕە پارەیەش بە گەورەترین ڕێژەی سەرمایەگوزاریکراو لە لایەن وڵاتانی دەرەکییەوە لەناو ڕووسیادا ئەژمار دەکرێت، چونکە تا ئێستە بەو بڕە گەورەیە سەرمایەگورازی ڕاستەوخۆ لە ڕووسیادا ئەنجام نەدراون و پتر دراوی ئەو وڵاتە بەرەو دەرەوەی سنووورەکانەوە دەچێت و لە دەرەوەدا وەبەرهێنانی پێدەکرێت.

گۆڕینی ڕەهەندی سیاسی سعودیا:

دوای ئەوەی پادشای نوێی سعودیا هاتە سەر تەخت بلەز بە دینامیکی گۆڕانکارییەکانەوە بایەخی پتر بە بواری ناوخۆیی و دەرەکییەکان دراوە. کوڕی پادشا محەمەد کۆڕی سەلمان، کە بە جێگری پادشا دادەندرێت، لەهەمانکاتدا وەزیری بەرگریشە لە مانگی ڕەمەزانی ٢٠١٥ دا سەردانی ڕووسیای بۆ بەشداری لە فۆرمی ئابووری لە سانك پیتربۆرگدا کرد هەرچەندە لەو مانگەدا چالاکییە سیاسی، دیپلۆماتییەکانی وڵاتی سعودیا زۆر سنووردارن، کە ئەوەش واتای گرینگی ئەو پێوەندییانە دەگەیەنێت. پادشای سعودیا توانی، کە چەندان گۆڕانکاری گەورە لەو وڵاتەدا ئەنجام بدات بۆ نموونە بەسەر کابینەی وەزارەتەکاندا ١٢ کۆمیتەی حکومی چاوەدێر دروستکراون، کە کۆڕی پادشا کۆمیتەی ئابووری و بەرگری بەڕێوە دەبات. بەشێك لە پسپۆرانی عارەبی لەو بڕوایەدان، کە پادشای سعودیا بە شێوەیەکی ئاشتییا نە توانی، کە گۆڕانکاریی گەورە و پێویست لەو وڵاتەدا بەدی بهێنێت. بەپێی سەرچاوەکانی ڕۆژنامەی Arab News پادشا توانی، کە سیاسەتێکی سەربەخۆ سەرەڕای ناڕەزایەتی هەندێ لایەنی ڕۆژئاوا پێڕەو بکات. سەفەری (محەمەدی کۆڕی سەلمان) کۆڕی پادشای سعودیا بۆ ڕووسیا لەکاتێکدا ئەنجامدرا، کە بەپێی داوای ئەمریکا دەبوا بنەماکانی ئابڵۆقەدان بەسەر ڕووسیا لە لایەن ڕیازەوە بەهەندوەربگیرابان. لەکاتی خۆیدا سعودیاش هەڵوێستێکی بێتایەنەی لە هەمبەر ڕووداوەکانی ئۆکراینا هەبوو، کە ئەوەش واتای سەربەخۆی سیاسەتی دەرەوەی ریاز دەردەبڕێت.










گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بەرەو داڕمان دەچێت



نادر روستی

ڤایرۆسی کۆرۆنا لە زۆر لاوە سوود و زیانی پێگەیاندووین، تەنانەت بۆ هەندێك کەس و بازرگان زۆر بەسوود بووە، چونکە بابەتەکانیان بە هۆی مەترسی و هەڕەشەکانی کۆرۆنا زیاتر فرۆشتی کەوتوتە سەر و بازاڕیان گەرمتر بووە، بەڵام کەرتی گەشتیاری بە گشتی زیانی زۆری بەرکەوتووە، بەتایبەت کەرتی تایبەتی گەشتیاریی، واتە خاوەن میوانخانە و چێشتخانە و کۆمپانیا و سەرجەم بنکەکانی گەشتیاری، لە ناو ئەمانەشدا خاوەن میوانخانە و کۆمپانیاکان رەنگە زۆرترین زیانیان بەرکەوتبێت، بەو پێیەی کە هیچ رێگاو دەروازەیەك نییە گەشتیار لێیەوە بێتە ناو هەرێمی کوردستان، ئەمەش بۆتە هۆی بەتاڵ بوون و بێکاربوونی ئۆتێلەکان و بنکەکانی تری گەشتیاری. لەگەڵ بەردەوام بوونی هەڕەشەکانی کۆرۆنا بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان و تووشبوونی بەردەوام، بەڵام خەریکە ژیان لەگەڵ هەبوونی کۆرۆنا ئاسایی دەبێتەوە، گەشتەکان هێواش هێواش دەست پێدەکەنەوە، زۆرێك لە وڵاتان دەروازە و سنوورەکانیان بەرووی گەشتیاران کردۆتەوە و خۆیان لە گەڵ ژیانی سەردەمی کۆرۆنا دەگونجێنن، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا رێوشوێنەکانی خۆپارێزی بەردەوام باشتر و توندتر دەکرێن.

لە ٦ مانگی رابردوو زیانی زۆر بە خاوەن بنکەکانی گەشتیاری کەوتووە، تاکو ئێستاش بەردەوام زیانیان پێ دەکەوێت، بەشێك لە شوێن و بنکەکان مایەپوچ بوونی خۆیان راگەیاندووە و هەرەسیان هێناوە، رۆژ دوای رۆژ ژمارەیان زیاتر دەبێت، واتە شوێنی گەشتیاری بەرەو کەمبوونەوە دەڕۆن. پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەگەر هاتووچۆی گەشتیاری نێوان پارێزگاکانی هەرێم ئاسای بکرێتەوە چ لە بارودۆخی شارەکانی هەرێمی کوردستان دەگۆڕێ؟ ئێستا بارودۆخی هەولێر و سلێمانی چ جیاوازیەکی هەیە؟ یان بارودۆخی هەندێك شاری عێراق و هەرێم چ جیاوازیەکی هەیە؟ کۆرۆنا لەسەرجەم جیهان بڵاوبۆتەوە، لەسەرجەم شارەکانی عێراق بڵاوبۆتەوە، چارەسەر لەوەدا نییە رێگری لە بازرگانی و هاتووچۆ و جوڵەی گەشتیاری بکرێ، چارەسەر لەوەدایە رێوشوێنی خۆپارێزی و پابەند بوون زیاتر بکرێ. گەشتیارێکی بەغدا یان سلێمانی، یان هەر شارۆچکەیەك بێتە میوانخانەیەکی هەولێر هەمان مەترسی هەیە، بۆیە پێویستە هەمان رێکاری خۆپارێزی لەبەرامبەریدا بگیرێتەبەر.

ئەگەر هەنگاو بەهەنگاو هاتوچۆ و جوڵەی گەشتیاری ئاسایی نەکرێتەوە، ئەوە هەموومان بە چاوی خۆمان دارمانی کەرتی گەشتیاری دەبینین، ئەمەش ئەرکی ئابووری حکومەتی هەرێم چەند ئەوەندەی تر گرانتر دەکات و کێشەی لابەلای زیاتر بۆ حکومەتی هەرێم دروست دەبێت.

چیای هەڵگوێرد بە 12م لە چیای چیخی دەرێ بەرزترە

لەوەتەی وانەی جوگرافیا لە کوردستان و عیراق دەخوێندرێ، چیای هەڵگوێرد واپێناسە کراوە، کە بەرزترین چیای کوردستان و عیراقە، بەرزیەکەی ٣٦٠٧م لەسەر ئاستی ڕووی دەریا بەرزە، بەو هۆیەوە ساڵانە بەسەدان کەس و گەشتیار لە هەموو شوێنێکی جیهان و کوردستان ڕوو لە چیای هەڵگوێرد دەکەن، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایدا وا بڵاوکرایەوە، چیای چیخی دەرێ، کە لە بەرامبەر چیای هەڵگوێرد و دەکەوێتە سەر هەمان زنجیرە چیا، بەچوار مەتر لە چیای هەڵگوێرد بەرزترە، ئەم زانیارییەش تەنها پشتی بە قسەی گەریدەی بەریتانی بەستبوو.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕاستیەکە، شاخەوانی دەفەرەکە (موزەفەر عوسمان) چەند جارێك هەوڵی داوە و ڕووبەڕووی مەترسیی بۆتەوە، بەڵام دواجار بەیەکەوە بەشێوەیەکی زانستییانە بەپشت بەستن بەئامێری پێشکەوتوو دەستیان بە بەدواداچوون کرد.

بەهۆی بنکەی چاودێری ئێران لە نزیك لوتکەی چیخی دەرێ جێگای مەترسی بوو، بەڵام تەنها چەند ڕۆژێکی کەمی هەیە، کە سەربازەکانی لێ نەبن و بتوانی بچیتە سەر لووتکەکە، لە (٥/٦/٢٠٢٠) گەیشتمە لوتکەی چیخی دەرێ، لەوێ بەرزیەکەم بە ئامێری GPS پێوا، ماوەی چەند کاتژمێرێك لەسەر لوتکە مامەوە، تا ئەنجامەکەی دڵنیاکەرەوە بێت، سێگنااڵی هەموو سەتەلایتەکان بەباشی بهێنێت، چەند خاڵێکی بەرزیم بە ئامێری GPS پێوا، بۆ دڵنیا بوون لەهەر خاڵێك ئامێرەکەم دادەنا تا ٣٠خولەك، تاکو پێوانێکی بەرزی دروستم دەست کەوێت.

لە ئەنجامدا ٣٦٠١ مەتر بەرزی خوێندەوە، بە دڵنیایی کارکردنی هەڵەی GPS تەنها (٣)مەترە، دوای یەك مانگ لەوکاتەی چیخی دەرێم تۆمارکرد، (١٠/٧/٢٠٢٠) چومە هەڵگوێرد و دوای مانەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرك و وەرگرتنی بەرزی چەند خاڵێك لەسەر چیایەکە، بۆ دڵنیا بوون لەدروستی پێوانی بەرزی و دانانی GPS بۆماوەی ٣٠خولەك لەسەر هەر خاڵێکی بەرزی، لەوێ دەرکەوت بەرزترین خاڵ لە چیای هەڵگورد بەرزیەکەی (٣٦١٣) مەتری خوێندەوە، بە دڵنیای کارکردنی هەڵەی GPS تەنها (٣) مەترە، پێوانەی هەردوو شوێنەکەم بە ئامێری GPS Garmin Oregon٥٥٠ کردووە، نێوانی کاتەکەشی تەنها یەك مانگ و پێنج ڕۆژ بووە، لەیەك خوێندنەوەی سێگنااڵی تەواو و بە هەمان شێوەی، دڵنیای کارکردنی هەڵەی (٣م)GPS بووە، دەرەنجامی ئەم کارە ئەوە دەردەخات ئەگەر ژمارە دڵنیایی هەڵەکان لە هەردوو لوتکەی شاخەکە لابدەین، ئەوا دەیسەلمێنێت لوتکەی چیای هەڵگورد بەرزترە لە لوتکە چیای چیخی دەرێ.

کەواتە بەرزی لوتکەی چیای هەڵگورد (٣٦١٠) مەترە و چیای چیخی دەرێ (٣٥٩٨) مەتر بەرزە.

لێکۆڵەر و ئامادەکاران: ئاری عوسمان و موزەفەر عوسمان



بۆچی لە باخچەکانی ژاپۆن ستڵی زبڵ بوونی نییە، بەڵام پاکترین باخچەیان هەیە؟!

لە باخچەکانی وڵاتی یابان (ژاپۆن) توشی شوك دەبیت، کاتێك سەتڵی خۆڵ (حاویە) نابینیت، بەڵام لە هەمان کاتدا ژینگە و باخچەیەکی زۆر نایاب و پاك دەبینیت، هۆکاری ئەمە بۆ ڕێکی سیستەمی بەڕێوەبردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکی ئەو وڵاتەوە هەیە، سیستەمی ئەم وڵاتە و ئاستی ڕۆشنبیری وای داناوە، کە هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە، بەرپرسیارە لە پاك ڕاگرتنی ژینگە و خۆڵ و خاشاکی خوی، هەموو تاکێك کیسەیەکی تایبەتی خۆی پێیە، تاکو خۆڵ و خاشاکی خۆی تێبکات و بیباتەوە ناو سەتڵی خۆڵی ماڵەکەی خۆی.

ئەمەش بۆ ئەو کەسانەیە بەبیانون، کە سەتڵی خۆڵ نییە لە شوێنە گشتییەکان. تۆ بڵێیت کەی بگەینە ئەو ئاستە بەرز و ژینگە پارێزە.

ئا: نزار ئەمین



هەندێک شوێنی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان پێویستە بەم شێوە دیزاین بکرێن



پڕۆژە و کەپری گەشتیاریی هەرێمی کوردستان زۆربەیان لاسای یەکتر دەکەنەوە، داهێنان و نوێکاری لە هەندێك شوێن نابینرێت، بەڵام ئەگەر داهێنانیش نەبێت، دەکرێ سوود لە ئەزموونی وڵاتان وەربگرین، ئەم شێوازەی وێنەکە بۆ چەندان شوێنی هەرێمی کوردستان شیاوە. هیوادارین سوودی لێوەربگرن.

ئا: لاپەڕەی گەشتوگوزار

یونایتد و چێلسی بۆ چامپیۆنزلیگ و مۆرینهۆش گەیشتە یۆرۆپالیگ



یارییەکانی وەرزی2019-2020 ی پرێمەرلیگ کۆتاییان هات و یانەکانی مانچێستەر یونایتد و چێلسی گەیشتنە چامپیۆنزلیگ، لیستەر سیتی و تۆتێنهام راستەوخۆ بۆ یۆرۆپالیگ، یانەی ئاستۆن ڤیلاش لە خولەکە مایەوە، بەڵام واتفۆرد و بۆرنموس بەفەرمی بۆ چامپیۆنزشیپ دابەزین.

یانەی مانچێستەر یونایتد بەشێوەیەکی فەرمی و وەك سێیەم یانەی ئینگلتەرا گەیشتە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئەویش بە بردنەوەی لە یاریی یەکلاکەرەوەدا بەسەر یانەی لیستەر سیتی بە دوو گۆڵی بێ وەڵام.

چێلسی لە یارییەکی بەهێز شکستی بە یانەی وۆلڤەرهاپتۆن هێنا و راستەوخۆ گەیشتە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای وەرزی داهاتوو. تۆتێنهامەکەی مۆرینیۆش، دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی کریستاڵ پاڵاس یەکسانبوو، سوودی لە شکستی وۆلڤەرهامپتۆن وەرگرت و بەفەرمی گەیشتە یۆرۆپالیگ.

لیڤەپوولی پاڵەوانی ئەم وەرزەش خاڵەکانی گەیاندە 99 خاڵ و کۆتایی بەم وەرزە هێنا، دوای ئەوەی بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێك لە یانەی نیو کا سڵی بردەوە.



مێسی ئامۆژگاری ڕامێنەرێکی نوێ بۆ بارسا دەکات

ئەستێرەی ئەرژەنتینی لیۆنێل مێسی داوادەکات ڕاهێنەرێکی نوێ لە شوێنی کیکی سێتین دابنێن. ڕۆژنامەی THE SUN ی ئینگلیزی بڵاویکردۆتەوە کە مێسی داوای لە خۆسی ماریا بارمێتۆ ی سەرۆکی یانەی بارسا کردووە ڕاهێنەرێکی نوێ لە شوێنی کیکی سێتین دابنێن و گرێبەستی لەگەڵ بکەن، بۆ ئەمەش مێسی پێشنیازی مارسێلۆ بێلسای ڕاهێنەری یانەی لیدز یونایتدی کردووە گوتوویەتی مارسێلۆ ڕاهێنەرێکی بەتوانەیە و ئەزمونێکی باشی هەیە .

مارسێلۆی ڕاهێنەری یانەی لیدز یونایتدد تا ئێستا گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی نوێنەکردۆتەوە کە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا کۆتایی دێت ، بەڵام کارگێری یانەی بارسا تا ئێستا وڵامی پێشنیاری مێسیان نەداوەتەوە ، هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش داوە کەوا مێسی وا بیر دەکاتەوە هێنانی ئەو ڕاهێنەرە نوێیە وا دەکات یانەی بارسای کەتەلۆنی بەرەو ئاراستەیەکی دروست ببات چونکە بیرۆکەکانی بە ڕاهێنەری پێشووی بارسا پێپ گواردیۆلۆ دەچێت کە لە ئێستا ڕاهێنەری یانەی مانچێستەر ستیە.

سولین سلێمان

خولێکی تێنسی سەرمێز لە بارزان بەڕێوەچوو

بارزان: مسلم دڵەمەری

دوای چەندین مانگ وەستانی چالاکییە وەرزشییەکان و خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەهۆڵی لیژنە ناوچەی بلێ و بە لەبەرچاوگرتنی ڕێنماییەکانی خۆپارێزی، خولێکی تێنسی سەرمێز بەڕێوەچوو .

شایانی باسە ئەم خولە لەلایەن ناوەندی باڵای بارزانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆ 30 یاریزانی سنووورەکە کرایەوە، لە کۆتاییدا هەردوو یاریزان جاسم محەمەد و ڕەنجبەر هاشم گەیشتنە یاری کۆتایی ولەئەنجامدا ڕەنجبەر هاشم توانی بەئەنجامی دوو گێم بەرامبەر بە هیچ بەسەر ڕکابەرەکەیدا سەرکەوێت و ببێتە پاڵەوانی خولەکە، لەکۆتاییشدا لە لایەن ناوەندی باڵای بارزانەوە خەلات بە سەرسەرکەوتووانی خولەکەدا دابەشکرا.

ڤاردی بەتەمەنترین یاریزانە دەبێتە گۆڵکار

جیمی ڤاردی هێرشبەری یانەی لیستەر سیتی کە بەتەمەنترین یاریزانە نازناوی گۆڵکاری خولی نایابی ئینگلیزی بەدەست دەهێنێت.

ڤاردی تەمەن 33 ساڵ توانی پێڵاوی زێڕ بباتەوە بەتۆمارکردنی 23 گۆڵ و بەتەنها گۆڵێك بەپێش هەریەك لە ئۆباميانگی هێرشبەری یانەی ئەرسنال و دانی هێرشبەری ساوسهامپتۆن دێت، کە هەردووکیان 22 گۆڵیان هەیە، بەمەش دەبێتە بەتەمەنترین یاریزان لە خولی ئینگلیزی نازناوی گۆڵکار بەدەست بهێنێت کە پێشتر نازناوەکە بەناوی دیدیە درۆگبای هێرشبەری پێشووی یانەی چێلسییەوە بوو کاتێك بووە گۆڵکار تەمەنی 32 ساڵ بوو، بەڵام ئەوەی کە زۆر بەختەوەری نەکرد ئەوەبوو دوای دۆڕانی یانەکەیان بەرامبەر یانەی مانچستەر یونایتد 0-2، ئەو هیوایەی لەدەستدا کە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا یاری بکات.

یۆڤانتۆس

جاریکی دیکە باڵادەستی بەسەر سێریا ئەی دا سەپاند

یانەی یوڤانتۆس بەفەرمی بووە پاڵەوانی خولی یانەکانی ئیتالیا بۆ وەرزی2019-2020، دوای ئەوەی دوو گەڕ بەر لە کۆتایی هاتنی خولەکە نازناوەکەی مسۆگەرکرد.

لە کۆتا یاریی گەڕی 36ی سێریا ئەیدا و بەر لە تەوابوونی خولەکە بە دووگەڕ، یوڤانتۆس توانی بە ئەنجامی دوو گۆڵی بێ وەڵام شکست بە یانەی سامپەدۆریا بهێنێت و دوای یاریەکەش ڕاستەوخۆ بووە پاڵەوانی خولەکە.

یۆڤانتۆس بە دوو گۆڵی بێبەرامبەر یاریەکەی بردەوە، گۆڵەکانیش لەلایەن کریستیانۆ ڕۆنالدۆ و بێرناردێسکی تۆمارکران.

ئەمە جاری نۆیەمە لەسەریەك یوڤانتۆس دەبێتە پاڵەوانی ئیتالیا، جاری 35 هەمینە ئەم نازناوە لە مێژووی خولەکەدا بەرزەکاتەوە کە ژمارەیەکی پێوانەییە.

دوو گەڕ لە یاریەکانی خولی ئیتالیا ماون، خانمە پیرەکە جیاوازیی خاڵەکانی لەگەڵ ئینتەرمیلانی دووەمدا گەیاندە 9 خاڵ.

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

Tue.28 Jul. 2020 No.:(5981)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

ڕۆژنامەفرۆشێک پەرۆشی ڕۆژنامەی (خەبات)ە

وەهاب سبەینان زوو ڕێگای دوور دەبڕێ تا خەبات بە خوێنەران بگەیەنێن



زانیار سەردار قرگەیی

عەبدولوهاب عەبدولڕەحمان سدیق ناسراو بە (وەهابی ڕۆژنامە)، کوڕە ئێسک سووک و پەرۆشەکەی ڕۆژنامەی خەبات و هەولێرە، چەند ساڵێکە خەریکی کاری دابەشکردنی ڕۆژنامەکانە بەتایبەت خەبات و هەولێر و گۆڤاری گوڵان و بڵاوکراوەکانی هەولێر لە شاری سلێمانیدا. وەک مامەخەمە ڕێزی سەرجەمیان دەگرێت و هەمیشە لە خەمیاندایە لە باران و تەڕی و تووشی دەیانپارێزێ و هەندێ جار لەسەر عارەبانە دەستێکەی و هەندێ جاریش لە ئامێزیان دەگرێ و بە باوەش هەڵیاندەگرێت. دڵی کەسیش ناشکێنێ، سبەینان زۆر زوو لە خەو هەڵدەستێ و لە دەرەوەی شار بەپێ دەکەوێتە ڕێ هەتا لای بارەگای لقی چوار، لەوێدا چاوەڕوانی کاك (هێرش)ی کۆمپانیای (تەتەر) دەکات تا بڵاوکراوەکانی پێ دەگەیەنێ.

عەبدولوهاب دەڵێت: لە خۆشەویستیم بۆ ڕۆژنامەکان هەر لە بەیانی زووەوە بەسەرما و بە باران و بە گەرما لە ڕێی دوورەوە دێم و لە چاوەڕوانیدام، کاتێك وەریان دەگرم یەکسەر لە لای لقی چوارەوە بەرەو ناوبازاڕ و چایخانەی شەعب و مەکتەبەی سلێمانی و کۆشکەکانی ناو شار و دەزگاکان و دوکانەکان و سەنتەرەکان و هەندێ لە شۆفێرانی هێڵەکان دابەشی دەکەم. ڕۆژنامەکانم خۆشدەوێت و دەیانپارێزم و بەنایلۆن دایدەپۆشم تاکو تەرنەبێت، لەم کارەمدا زۆر ماندوو دەبم، هەرچەند لە ئێستادا هیچ کەس هاوکاریم ناکات، بەڵام هەر ئاسوودەشم.. هەر چەندە بەهۆی قەیرانی دارایی‌یەوە ئەو بڕە هاوکارییەی هەم بوو بڕدراوە، بەڵام ئێستا بێ بەرامبەر و خۆبەخشانە ئەو کارە دەکەم، ئەگەر یەکێك لە کۆشکەکان بە ڕەزامەندی خۆی بڕێکی کەم هاوکاریم بکات، دەنا هەر خۆبەخشانە ئەو کارە ئەنجام دەدەم، زۆر جاریش کێشەم بۆ دروست دەبێ و تیرو توانجم تێگیراوە و جار هەبووە تەنانەت قسەشم پێ گوتراوە و گاڵتەشم پێ کراوە، بەڵام من دڵم فراوانە و لێیووردەم و لە بەرانبەردا ڕۆژنامە و گۆڤاریان پێشکەش دەکەم بەخۆڕایی. خز مە تیا ن دەکەم.

بۆ نموونە لە کاتی ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات دا ئەو مێزەی ڕۆژنامەکانم لەسەر دادەنا سووتێنرا و شکاندیان، چەند جار هەڕەشەم لێکراوە و پەلامارداروام و هێرش کراوەتە سەرم.

هەر جارێکیش لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە زیاد بێ ئێواران لەسەر زەوییەکە لەبەردەم چایخانەی شەعب دا دایدەنێم و دەیفرۆشم. یان لەسەر ئەو مێزە بچکۆلانەی لای سەرا دایدەنێم تاکو دوو فلسم دەسکەوێ بۆ ئەو سێ منداڵەم کە قوتابین. چونکە تەنها موچەیەکی (١٥٠) هەزار دیناری کەمئەندامیم هەیە.

لە ساڵی ١٩٩٤ەوە، ئەم کارە دەکەم، ئەگەر فەرمانبەری هەر دەزگایەك بوومایە پاش ئەو تەمەنە مافی خانەنشین کردنم هەبوو، بەڵام وێڕای ئەوانەش من بە کارێکی پیرۆزی دەزانم و بەڵێن دەدەم بەردەوام بم لەسەر ئەم کارە، چونکە بە خزمەتی هەم ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان و هەم بواری ڕۆشنبیری و هەم خزمەتی شارەکەشی دەزانم، لە پێناو گەیاندنی پەیامی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیریدایە.. لە کۆتاییدا دەڵێم: تا ژیان بەردەوام بێت خەبات



ڕێبوار گەڵاڵی ..

ئەو گۆرانییەی لە نەڕۆژدا نەیتوانی بڵاوی بکاتەوە لە جەژنی قوربان بڵاوی دەکاتەوە

هێمن ئاری

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕێبوار گەڵاڵی بەبۆنەی چەژنی قوربانەوە گۆرانییەکی نوێ بڵاودەکاتەوە.

گۆرانی (دڵ دەدەی دڵ دەبەی) یەکێکە لە گۆرانییە تازەکانی گۆرانیبێژ ڕێبوار گەڵاڵی کە بۆ چەژنی قوربان بڵاوی دەکاتەوە. ئەم گۆرانییە لەتێکستی عەلی پاکی و فۆڵکلۆرە، ئاوازەکەش جێگر ئاکرەیی و فۆڵکلۆرە. کاری وێنەگرتن و دەرهێنانیش بۆ ئەم گۆرانییە لەلایەن ڕێکان خالید ئەنجامدراوە. هەروەها ئاراس کۆیش کاری تێدا کردووە کاری دەنگ و میکس و ماسترینگیشی لەلایەن تاریق خانەقینی بۆ کراوە.

لەلێدوانێکیدا سەبارەت بەم گۆرانییە ڕێبوار گەڵاڵی گوتی: ئەم گۆرانییەم بۆ چەژنی نەورۆز ئامادەکردبوو بڵاوی بکەمەوە،بەڵام دواتر بەهۆی سەرهەڵدانی کۆرۆنا و ئەم بارودۆخەی بەسەر دەروون و گوزەرانی خەڵکدا هات نەدەکرا ئەو گۆرانییە شادە لەوکاتەدا بڵاوبکەمەوە کەخەڵک دڵتەنگە.دوای ئەوە خوازیاربووم لەچەژنی ڕەمەزان کۆرۆنا نەمێنێت و لەبارودۆخێکی گونجاودا بڵاوی بکەمەوە،بەڵام دیارە ئەم دۆخە هەر بەردەوام بوو لێیگەڕام گوتم بۆ چەژنی قوربان پێشکەشی دەکەم .ئێستاکەش کەئەم دۆخە هەر بەردەوامە دەروونمان لەڕووی سایکەلۆژییەوە بەهۆی بەردەوام بوونی ئەم دۆخە وێرانە ،لەو هیوایەم ئەم چەژنە دوا ساتی نەداخۆشییەکانمان و ئەم ڤایرۆسە بێت ،بەوهیوایەم بتوانم لەڕێگەی ئەم گۆرانییە سادەوە هەر هیچ نەبێت کەمێک دڵخۆشی و شادی بۆ دەروونی گوێگران بگێڕمەوە.

هەروەها ئاماژەی بەو سپۆنسەرانەدا لەبڵاوکردنەوەی ئەم گۆرانییە سپۆنسەریانکردووە کە پێکهاتوون لە گروپی نزار ،کۆمپانیای برۆند باند و کۆمپانیای سام .گوتیشی کۆمپانیای سی سی پرۆدیکشن و ڕێگا بەرزنجی سەرپەرشتی ئەم بەرهەمەیانکردووە.



نایا ریفێرا بە کوژراوی دۆزرایەوە

دوای ئەوەی بۆ ماوەی شەش ڕۆژ بێ سەرو شوێن بوو، دەسەڵاتدارانی پۆلیسی ئەمریکی لە نزیك دەریا لە باشووری ویلایەتی کالیفۆرنیا تەرمی هونەرمەندی ئەمریکی نایا ریفێرای بە کوژراوی دۆزیەوەو دەستی بە لێکۆڵینەوەی ورد کرد. سەرۆکی پۆلیس لە گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دەربارەی کوشتنی نایا ریفێرا جەختی کردەوە کە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە پۆلیس زۆر بە وردی موتابەعەی وون بوونی نایا ریفێرای کردووە. دووپاتیشی کردەوە کە ناوبراو بەپێ لێکۆڵینەوەکان نەکوژراوە، بەڵکو لە کاتی مەلەکردن وون بووەو دواتر لەناو ئاوەکە نوقم بووەو لە ژێر ئاو لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژە جەستەی شێواوە. ناوبراو لەگەڵ کچە تەمەن چوار ساڵیەکەی و دایکیدا بووە، بەڵام دواتر نایا ریفێرا مەلەی کردووەو لەوان جیابۆتەوەو خنکاوە.



چەرەزات دەبێتە هۆی دابەزاندنی کێشی لەش

تۆژەرانی ڕایانگەیاند کە خواردنی چەرەزاتی وەك گوێز ، بادام و باقی چەرەزاتی تر دەبنە هۆی دابەزاندنی کێشی لەش و هەروەها ئەگەری قەڵەوبوون کەم دەکەنەوە . ئەنجامی تۆژینەوەکان پیشانی داوە کە ئەو کەسانەی کە کاکڵەی چەرەزات دەخۆن نەك تەنیا کەمتر تووشی زیادە کێش دەبنەوە لە هەمان کاتیشدا بەڕێژەی 5 لەسەدا کەمتر لە مەترسی تووشبوون بە قەڵەویی دەبنەوە .لە ڕابردوو دا ئەو بۆچوونە هەبوو کە کاکڵەی چەرەزات کە ماددەیەکی خۆراکیی پر چەوریە و کالۆری زۆری هەیە، بۆیە بڕاردەیەکی باش نییە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانهەوێت کە کێشی لەشیان دابەزێنن. بەڵام لە ئێستادا تۆژەران بۆیان دەرکەوتووە کە کاکڵەی چەرەزات سەرچاوەیەکی گرنگی وزە، چەوری سوودبەخش ، پرۆتیین و ڤیتامینەکان ، ماددەی کانزایی و فیتۆکیمیاییەکانە .بۆیە کاکڵەی چەرەزات سوودێکی زۆریان بۆ تەندروستی هەیە ، لە نێویاندا تەندروستییەکی باس لە کاتی بەساڵاچوون، کارایی میشك و بیروهۆش.

